# انعكاسات ثورة ١٤ يوليو ١٩٥٨ على مدينة كفري

طارق احمد على
Tarq439638@gamil.com
د.اراس عبدالرحمان مصطفى
Aras.abdulrahman@uor.edu.krd
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة ڕاپەڕین،ڕانیه، إقليم كوردستان العراق

**الكلمات المفتاحية**: الثورة، كفري، داربا غ، الأحزاب السياسية

**كيفية اقتباس البحث**

على , طارق احمد , اراس عبدالرحمان مصطفى , انعكاسات ثورة ١٤ يوليو ١٩٥٨ على مدينة كفري,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# The Revival of the July 14 Revolution in the city of Kifri

**Tarq Ahmed Ali[1] – D.Aras Abdulrahman Mustafa[2]**
Tarq439638@gamil.com    Aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**[1+2]Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Region of Kurdistan Iraq**

**Keywords** : Migrant, kifri, Revolution, Political parties.

**How To Cite This Article**
Tarq , Ahmed Ali ,Aras Abdulrahman Mustafa , The Revival of the July 14 Revolution in the city of Kifri,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research on the impacts of the July 14 Revolution in Iraq holds special importance and significance. One of the main reasons for this importance is that most of Iraq’s events had direct or indirect effects on the city of Kifri, due to its geographical location, positioned between key cities such as Kirkuk and Baghdad.

This study relies on sources that show the July 14 Revolution had a strong influence on Kifri in many areas, including the economic, political, and social spheres. The research sheds light on these effects through references to documents and historical sources related to the topic.

Because of the presence of a large number of Aghas and landowners in the Kifri region, and after the revolutionary leaders called for agricultural reform, changes quickly took place, particularly in the political and social domains. Political parties, especially the Kurdistan Democratic Party and the Iraqi Communist Party, became very active in the area, and at times their rivalry had noticeable impacts locally.

Later, after the revolutionary leaders withdrew from the promises they had made to the Kurds, Abdul Karim Qasim arrested and suppressed Kurdish political leaders. In response, the Kurds resorted to self-defense and the establishment of the Peshmerga forces in different parts of Kurdistan, especially in the Kifri area. Before the September Revolution (1961), the KDP organizations in Kifri were active, carrying out various political and social activities.

This chapter consists of three main parts: Part 1: An introduction to the July 14 revolution and the Kurdish reception of the revolution and the relationship between Barzani and Abdulkarim Qasim .

Then the impact of these relations on the region is presented in the second part: the relationship between the nobles and farmers after the enactment of the agricultural reform law in Iraq and the third part: the reasons for the September Revolution in the region.

الملخص:

تكتسب هذه الدراسة حول آثار ثورة ١٤ يوليو في العراق أهمية خاصة. ويكمن أحد أهم عوامل هذه الأهمية في أن معظم الأحداث في العراق كان لها تأثير مباشر أو غير مباشر على مدينة كفري نظرًا لموقعها الجغرافي. يستند هذا البحث إلى حقيقة أن ثورة ١٤ يوليو كان لها تأثير كبير على مدينة كفري في جوانب عديدة، اقتصادية وسياسية واجتماعية. فبعد حملة قادة ثورة ١٤ يوليو للإصلاح الزراعي، طرأت تغييرات سريعة، لا سيما في المجالين السياسي والاجتماعي. نشطت الأحزاب السياسية، وخاصة الحزب الديمقراطي والحزب الشيوعي العراقي، في المنطقة، وشهدت اشتباكات متفرقة في بعض الأحيان لفرض نفوذها. بدأ عبد الكريم قاسم باعتقال وطرد القادة السياسيين الأكراد. وردًا على ذلك، بدأ الأكراد بتنظيم أنفسهم وتشكيل قوات البيشمركة في مختلف أنحاء كردستان، وخاصة في كفري. وقبل ثورة سبتمبر (١٩٦١)، كانت منظمات حزب العمال الكردستاني نشطة في كفري. في كتابة هذا البحث، يتم استخدام المنهج الوصفي لتحليل الوثائق والمصادر التاريخية، وفي بعض الأحيان يتم استخدام المنهج التحليلي حسب الضرورة.

يتألف هذا الفصل من ثلاثة أجزاء رئيسية: الجزء الأول: مقدمة عن ثورة ١٤ يوليو، واستقبال الأكراد لها، والعلاقة بين بارزاني وعبد الكريم قاسم.

ثم يُعرض أثر هذه العلاقات على المنطقة في الجزء الثاني: العلاقة بين النبلاء والفلاحين بعد سنّ قانون الإصلاح الزراعي في العراق، والجزء الثالث: أسباب ثورة سبتمبر في المنطقة.

# ڕەنگدانەوەی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لەسەر شاری کفری

طارق احمد علی
Tarq439638@gamil.com
اراس عبدالرحمان مصطفی
Aras.abdulrahman@uor.edu.krd
بەشی مێژوو،کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکان،زانکۆی ڕاپەڕین،ڕانیە،هەرێمی کوردستان عێراق

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە لەبارەی کاریگەرییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەعێراق گرنگی وبایەخی تایبەت بەخۆی هەیە فاکتەری گرنگی ئەم گرنگییەش بۆ ئەوەی زۆربەی ڕووداوەکانی عێراق کاریگەری ڕاستەوخۆیان یان ناڕاستەخۆیان لەسەرشاری کفری هەبووە بەهۆی شوێنی جوگرافی شاری کفری کە خاڵی بەیەکەوە نێوان شارەگرنگەکانی وەکو کەرکوک – بەغدادە .
ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە شۆڕش چواردە تەمموز لەزۆربەی بوارەکان کاریگەری زۆری لەسەرشاری کفری دانابوو لەزۆربەی لایەنەکانی وەکو ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەوکاریگەریانە بەپشت بەستن بەڵگەنامەکان و لێکدانەوەی سەرچاوەمێژووییەکانی تایبەت بەبابەتەکە ، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەدەرەبەگ وخاوەن زەوی لەناوچەی کفری پاشان بانگەشەی سەرانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بۆ چاکسازی کشتوکاڵی گۆڕانکاریەکان بەخێرای ڕوویاندەدا بەتایبەتی لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی
حزب وپارتە سیاسیەکان بەتایبەتی پارتی دیموکرات و حزبی شیوعی عێراق لەناوچەکە چالاکبوون هەندێک کاتیش بەریەکەوتنیان هەبوو کاریگەری خۆیان لەناوچەکە دادەنا ، پاشان لەدوای ئەوەی سەرانی شۆڕش لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو پەشیمان بوونەوە ،عەبدولکەریم قاسم کەوتە گرتن وڕاوەدونانی سەرکردەسیاسیەکانی کورد لەبەرانبەردا کورد کەوتە خۆڕێکخستن و دروستکردنی هێزی پێشمەرگە لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەتایبەتیش ناوچەی کفری پێش وادەی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١)ڕێکخستنەکانی پارتی لەناوچەی کفری چالاکبوون و چەندین چالاکیان ئەنجام دا.

**کلیلی ووشەکان :** شۆڕش ، کفری ، دەربەگ، پارتەسیاسیەکان.

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە تایبەت بەکاریگەرییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەسەر شاری کفری بە وردی ئەودەرئەنجامانە باس دەکات کە لەئاکامی گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆماری لەعێراق هاتوونەتەکایەوە چوون لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز یاسای نوێی دەوڵەت هاتەکاییەوە کۆمەڵێکیان ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ناوچەی کفری دانابوو بەتایبەتی یاسایی ژمارە (٣٠)تایبەت بە چاکسازی کشتوکاڵی و دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیکەری کۆمەڵگا , هەروەها یاسایی تایبەت بە ئازادی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکان .

**گرنگی توێژینەوەکە :** گرنگی ئەم توێژینەوە ئەوەیە هەندێک باس لەخۆ دەگرێت کە لەماوەکانی پێشتردا هیچ کارێکی زانستی لەسەر نەکراوە بۆنموونە پەیوەندی نێوان دەربەگ وجوتیار لەناوچەی کفری لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بێگومان بۆ ئەم کارەش پشت بە بەڵگەو سەرچاوەی گرنگ و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێک کەشایەتی ڕووداوەکان بوون لەوسەردەمەدا بەستراوە، پاشان دیاردەیەک لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز هاتەکایەوە ئەویش گۆڕانی خێرای ڕووی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ لایەن وحزبەکان لەم توێژینەوەیەدا باس لە پەیوەندی

عەبدولكەريم قاسم وحزبەكان كراوە دواتر كاريگەری ئەو پەيوەنديە لەسەرناوچەكە خراوەتە ڕوو .

**هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە :** نەبوونی توێژینەوەی ئەكاديمی تايبەت بەبابەتەكە هۆكاری سەرەكی ئەنجامدانی ئەم توێژينەوەيە ، پاشان نزيكايەتی توێژەر لەناوچە يەكێكی ترە لەهۆكارەكانی هەڵبژادنی توێژينەوە ، پاشان بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی بڵاونەكراوەی تايبەت بەتوێژينەوەكە يەكێكی ترە لەهۆكارەكانی هەڵبژاردنی توێژينەوەكە.

**پرسی توێژینەوە :**بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسێكە سەبارەت بە دەرئەنجامەكانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەناوچەكە و سياسەتی عەبدولكەريم قاسم و كاريگەرييەكانی لەسەرناوچەكە بەتايبەت ياسا نوێيەكانی دەوڵەت ، پاشان چۆنيەتی دروست بوونی هێزەكانی پێشمەرگە لەناوچەكە وڕووبەڕووبونەوەيان لەگەڵ حكومەتی عێراق و دەرئەنجامەكانی .

**میتۆدی توێژینەوەكە:** لەنووسينی ئەم توێژينەوەيە بەتێرامان و وردبوونەوە لە بەڵگەنامەوسەرچاوەمێژوويە پشت بەميتۆدی وەسفی بەستراوە ، هەندێك جاريش ميتۆدی ميتۆدی شيكردنەوە بەكارهاتووە بەپێی پێويست .

**پێكهاتەی توێژینەوەكە :** ئەم جگەلە پوختە و پێشەكی لە سێ بەشی سەرەكی پێكدێت بەشی يەكەم : پێشەكييەك دەربارەی شۆڕشی ١٤ی تەمموز وپێشوازی كورد لە شۆڕشەكەو پەيوەندی بارزانی و عەبدولكەريم قاسم لەباسی دووەمدا بەوردی پەيوەندی نێوان عەبدولكەريم قاسم و حزبەكان بەتايبەتی حزبی شيوعی و پارتی ديموكراتی كوردستان شيكراوەتەوە كە ئەوكات لەناوچەكە باڵادەست بوون ، پاشان كاريگەری ئەم پەيوەنديانەلەسەرناوچەكە خراوەتە ڕوو لەبەشی دووەمدا :پەيوەندی نێوان دەرەبەگ وجوتيار باس كراوە لەدوای دەركردنی ياسای چاكسازی كشتوكاڵی لەعێراق وە لەبەشی سێيەمدا : باس لەهۆكارەكانی هەڵگيرسانی شۆڕشی ئەيلول لەناوچەكە كراوە وەكو دەرئەنجامی سياسەتەكانی عەبدولكەريم قاسم دژبەكورد .

**باسی يەكەم:شۆڕشی ١٤ی تەمموز وپەيوەندی لايەنەكان**

بەرەبەيانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ڕێكخستنی ئەفسەرانی ئازاد لە ناوسوپای عێراقدا شۆڕشێكی سەربازييان دژبە ڕژێمی پاشايەتی ئەنجام دا توانيان لەچەند كاتژمێرێكدا دەسەڵات بگرنە دەست و ڕژێمی كۆماری بەسەرۆكايەتی عەبدوالكريم قاسم دابمەزرێنن ئەم گۆڕانە سياسيە گەورەيە كەپاشتر گۆڕانی ئابووری و كۆمەڵايەتيشی لێكەوتەوە لەلايەن گەلی عێراقەوە بەگەرمی و خۆشحاڵييەكی فراوانەوە پێشوازی لێكرا (سالح:٢٠٠٠،١٠٠).

عبدالكريم قاسم لەسەرەتادا پشتيوانی لەئازادی حزبەسياسيەكان ودامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وڕێكخراوە پيشەی و كۆمەڵايەتيەكان بەشێوەيەكی گشتی و ئازادی ڕۆژنامەگەری وبيروڕادەربڕين دەكرد كەپێشتر لەسەردەمی پاشايەتی تووشی گۆشەگيربوون هەندێك كات نەياندەتوانی بەشێوەيەكی ئازادانە بيروڕای خۆيان بڵاوبكەنەوە (حسێن:٢٠١٠،٦٩)

يەكەمين كردەی شۆڕش ، ڕاگەياندنی دەستووری كاتی بوو لەماددەی حەوتدا هاتووە ميللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە بۆيەكەمين جار دانی نا بەمافە نەتەوەيەكانی كورد وەكو لەماددەی سێ دا هاتووە ,, كوردوعەرەب لەعێراقدا هاوبەشن ,, هەروها لەماددەی دەيەمی دەستوور ئازادی ڕادەربڕينی گەرەنتی كردبوو .لەماددەی نۆيەمدا هاتووە هاوڵاتيان لەماف و ئەركە گشتيەكان يەكسانن جياكاری لە نێوان ڕەگەز و زمان و ئايين قەدەغەيە , بەم شێوەيە دەستووری كاتی ئازادی و ديموكراسی سەرەتاييەكانی بۆ خەڵك دابين كرد و سيستەمی كۆماری چەسپاند

(العراق، ١٩٥٩، ٢٥)پێش ئەوەی شۆڕش ڕووبدات تورکیاو ئێران وایان بیرکردۆتەوە گەر شۆڕش ڕووبدات ئەگەری هەیە عێراق یەکێتی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بکات و جەماڵ عەبدولناسر ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان ڕێکبخات ئەمەش دەبێتە کێشە بۆ تورکیا وئێران لەبەرئەوە پلانی دابەشکردنی کوردستانی باشوور لە نێوان ئێران وتورکیا دانرابوو بەجۆرێک سلێمانی و بەشێک لەهەولێروقەزای کفری بەناحیەی سەرقەڵاوە دەبێتە بەشی ئێران ، موسڵ وکەرکوک وسۆران بوتورکیا دەبێت لەم کاتەدا بریتانیا پشتگیری ئەم دابەشکردنەی کردووە بەباشی داناوە بەڵام پاش ڕوودانی شۆڕش بەهۆی هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق لقی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کەپشتیگیری شۆڕشی ١٤ی تەمموزیان کردووە پلانی تورکیاوئێران بۆدابەش کردنی کوردستان سەری نەگرتووە (تاڵەبانی، ٢٠٢٥، ٦٩)

بۆزیاترتێگەیشتن لەکاریگەرییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز دەبێت ئاماژە بەپەیوەندی نێوان لایەنەکان بکەین لەوکاتەدا

**تەوەری یەکەم : پەیوەندی عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان:**

لەهەفتەی یەکەمی شۆڕش پارتی چەندین شاندی لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان ڕێکخست بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بەرەو وەزارەتی بەرگری چوون بەمەبەستی پیرۆزبای کردن لەسەرانی شۆڕش لەوێدا ووتارێکی خوێندەوە تیایدا پشتگیری گەلی کوردی دەربڕی بۆ ڕژێمی کۆماری ،وە شاندی شاری کفری بەسەرۆکایەتی (عەلی حەمدی)بوو کەئەوکات بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لەشاری کفری . (عەبدولا : ٢٠٠٠،٢١)
لای خۆشییەوە مەلا مستەفا لەڕۆژانی یەکەمی شۆڕشەکە تەلەگرافێکی پیرۆزبای بۆسەرکردایەتی شۆڕش نارد و تیایدا پشتگیری خۆی بۆ ڕژێمی نوێ دەربڕی داوای کرد بۆخزمەتی جمهوریەت ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە بۆعێراق ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوکاتە بروسکەکەیان بڵاوکردەوە .
هەروەها نوێنەرەکانی پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدولا) لەکاتی سەردانی کاربەدەستانی ڕژێمی نوێ داوای ئازادکرنی گیراوەکان و گەڕانەوەی ئەوانەی پەنابەرن لەدەرەوە کرد لەئەنجامدا کاربەدەستانی شۆڕش لێبوردنی گشتی بۆ هەموو بارزانیەکان دەرکرد چ ئەوانەی لەزیندان بوون چ ئەوانەی لەدەرەوە پەنابەر بوون (ئەمین:١٩٩٧،٥٥)مستەفا بارزانی لەڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٣٠ لەگەڵ هاوەڵەکانی لەپراگی پایتەختی چیک گەیشتە قاهیرە و سەرۆک جەماڵ عەبدولناسر لەماڵەکەی خۆی پێشوازییەکی شایستەی لێکردن وەسەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦بارزانی گەیشتە فرۆکەخانەی (المثنی)لەبەغداد لەوێ هەزاران کەس لەچین وتوێژەجیاوازەکانی کۆمەڵ بەعەرەب و کورد وتورکمان وکەمەنەتەوەکان تر لەپێشوازیدا بوون بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد (یا بارزانی أهلا بیک , شعب العراق یحیک )دواتر لەمیوانخانەی (سمیر امیس)شوێنی حەوانەوەی بۆ تەرخانکرا لەکاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٧(عەبدوالکریم قاسم )سەردانی کردولەپاش ووتەی بەخێرهاتنەوەی تاوتوێی ڕەوش و بارودۆخی عێراقیان کرد , بارزانی خۆی وەکو سەربازێکی شۆڕشی ١٤ی تەمموز هەژمارکرد لەپاشان کۆشکی نوری سەعید وەکو بارەگای بارزانی دیاریکرا

پاشان چەندین گروپی جیاجیا لەکەسایەتی کوردوتورکمان وعەرەب بەمەبەستی بەخێرهاتنەوەی بارزانی سەردانیان کرد لەڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٢٧ئەم ناوانەی (حاجی محمد


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

عەبدولڕەحمان کارێزی ، حاجی محمد ئەمین زرگوێزی ، حاجی کەریم چایچی ، حەمەخان، هتد.....)[1](شەریف: ٢٠١٠: ٢٦٧-٢٧١)وەکو شاندی قەزای کفری سەردانی بارزانیان کرد ، چون ئەوکاتە خەڵکی دژی سیستەمی پاشایەتی بوون بەتایبەتی لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان میسر- ئیسرائیل لەساڵی ١٩٥٦ عێراق پشتگیری میسری نەکرد لەوکاتەدا ڕادیۆی (صوت العرب )کە لەقاهیرە پەخش دەکرا گوێگرانی زۆربوون لەعێراق بەتایبەتی دەنگی حەماسی بێژەری بەناوبانگ (ئەحمەد سەعید )کاریگەری زۆری لەسەر هەست ونەستی خەڵکی دادەنا بەهات وهاوار دژی مەلیکی عێراق و ئیستعماروزایۆنیزم هەواڵی دەخوێندەوە ، بۆیە ئەودەم لەشارێکی وەکو کفریش هەرکارێکی خراپ ئەنجامبدرایە دەیاندایە پاڵ دەسەڵاتی پاشایەتی باوەڕیان وابوو دوای نەمانی دنیا دەبێتە دنیایەکی دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە (شاکەلی : ٢٠١٦، ٢٠-٢٦)

دوای شۆڕشەکە بەئاراستەی دیموکراتی وپێکەوە ژیانی ئاشتیانە کۆمەڵێک کاری گرنگ کران هەروەها لە١١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی یاسایی دەرکردنی ڕژنامەی (خەبات / نضال)ی وەرگرت لەشاری کفری هاشم بەرزنجی برای مستەفا نەریمان لەخانەقین پەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات بوون (ئەحمەد:٢٠٠٦،٧٢)وە لەساڵی ١٩٦٠ خەڵکێکی زۆر لەشاری کفری ڕوویان لەنوسینگەی خەبات کرد لەناوشاردا بەئاهەنگێڕان وخۆشی دەربڕین ودروشمی بژی کۆماروزەعیم و برایەتی کوردوعەرەب پاشان بەرەو باوەنور ناحییەی(پێباز)بەڕێکەوتوون بەمەبەستی کردنەوەی لقی نوسینگەی (خەبات ) لەوێدا پاش خوێندنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب لەلایەن نوێنەرانی کفری عەلی حەمدی بەرپرسی ناوچەی کفری ووتارێکی بەزمانی عەرەبی پێشکەش کرد تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە"ئێستا چەند کیلۆمەترێک لەئێرانەوە دوورین ئاهەنگ دەگێڕین نیشانەی پەیوەندی کوردوکۆماری عێراقە" (م.عەلی :٢٠١٣،١١٥)لەلایەکی دیکەوە دوای دەرچوونی یاسای مۆڵەتی پارتەکان داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی پێشکەش کرد لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ پارتی مۆڵەتی وەرگرت وەکو پارتێکی یاسایی کارەکانی دەستپێکرد (عومەر:٢٠٢١،٦١)هەرچەندە پێشتر پارتی لەکۆتایی ١٩٥٨ بارەگایەکی بۆ ڕێکخراوی (قوتابیان ولاوان کوردستان) لەشاری کفری کردەوە پاشان لەکەلاری سەربەناوچەی کفری دوای نەمانی دەسەڵاتی بەگزادەکان سەرکارێکی .بەتوانایان دەبێت بەناوی حەمەی وەلی بێ کاردەبێت لەڕێگەی شێخ محمد هەرسین پەیوەندی بەعەلی حەمدی بەرپرسی ناوچەی کفرییەوە دەکات دەبێتە ئەندامی پارتی پاش گەڕانەوەی بۆ کەلار لەگەڵ هەریەکەلە(عەلی سەلیم بەگ ، حەمەساڵەحی عەزیز مراد ، حەمەی ڕۆستەم ، عومەری حەمەی قادرگوڵکوت ،حاجی عەبدوڵلای برای ، حەمەی مینا، سابیر عەزیز فارس ، تاهیری عەزیز فارس ، حوسێن سوورکە ) لەساڵی ١٩٥٩ بارەگای لاوانی پارتی بەناوی (خەبات )دەکەنەوە (وەلی:٢٠١٠،٩)بەسەرپەرشتی (عەلی سەلیم بەگ)[2] و (حەمەی وەلی) [3] جێگیری بوو (خدر: دیداری تەلەفیزیۆن، ٢٠١٨)

ئەوکاتە عەلی حەمدی بەرپرسی ناوچەی کفری بوو ڕۆژانی پینج شەممان سەردانی لاوانی پارتی دەکرد لەگەڵیان کۆدەبوویەوە لەکەلار،حەمەی وەلی لەبیرەوەرییەکانی دەگێڕیتەوە کە دوای دروستبوونی لاوانی پارتی لەکەلار دەستمان بەچالاکی حزبی کرد بەڵام نەیارانی پارتی ڕاپۆرتیان لەسەر دەدایە حکومەت گوایە ئێمە ئاژاوەگێڕین ، تۆمەتیان بۆ دەکردین گوایە ئێمە پیاوی داود بەگین ولەئێرانەوە چەک دێنین بۆ ئەوەی شۆڕش بکەین ، ئیتر حکومەت من و عەلی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەلیم بەگی وحەمە ساڵح عەزیز سەید مراد وحسێن سوورکەی بۆ ماوەی بیست ڕۆژ دەستگیر کرد لەسەر ئەوەی لەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین وە چەندن کەسێک سوێندی درۆیانن لەسەر خواردین گوایە ئێمە دژی حکومەتین بەڵام مامەڵەی حکومەت توند نەبوو ، چونکە ئەو کاتە دادوەروزۆربەی دامودەزگاکان کوردبوون ، هەروەها جارێکی تریش گیرامەوە بۆماوەی پانزدە ڕۆژ لەزیندانی کفری زیندانی کرام بەبیانووی ئەوەی دژی حکومەتم (وەلی:۲۰۱۰، ۱۰)بەڵام زۆری پێنەچوو پەیوەندی قاسم لەگەڵ کورد تێک چوو بەهۆی ئەوانەی بیری شۆڤێنیان هەبوو دژ بەکورد بوون بەهۆییەوە حکومەت هەنگاوی پێویستی بەئاراستەی باشترکردنی باری کۆمەڵایەتی وئابووری کوردستان نەگرتەبەر ئەمەش بووە هۆی نائومێدبوونی کورد ،ئەو پلانە ئابوورییەی حکومەت پەیڕەوەی دەکرد ئەنجامەکەی خراپ بوو چونکە لەپلانە پێنج ساڵەیەکی ۱۹۵۹-۱۹٦۳هیچ پرۆژەیەکی بایەخی بۆ کوردستان تەرخان نەکردبوو ، تەنانەت پرۆژەی کارگەی شەکر لەسلێمانی و کارگەی ڕست وچنین لەهەولێر گواستەوە بۆ شارەکانی کوت ودیوانیە لەناوەڕاستی عێراق (خول :۲۰۲۳، ۲٦)

**تەوەری دووەم :پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان :**

حزبی شیوعی عێراق هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە پاڵپشتی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی دەکرد لەبەیاننامەیەکدا پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕی ، هەرلەوبەیاننامەدا داوای ئازادکردنی سەرجەم گیراوە سیاسیەکانیان دەکرد ، پاش ماوەیەکی درێژ لەکارکردن بەنهێنی شیوعییەکان دوای شۆڕش بەشێوەیەکی ئاشکرا دەستیان بەکاروچالاکییەکانی خۆیان کرد بەشێوەیەک دەستیانگرت بەسەر زۆربەی ڕێکخراوەکانی وەکو لاوان و گەنجان و سەندیکای کرێکاران و مامۆستایان وژنان وپزیشکان وجوتیاران (زوبیدی:۱۹۸۱، ٤۰۵)قوناغی ناکۆکی نێوان قاسم وعروبییەکان ، کەلە ۹/۳۰دەستی پێ کرد ، زەمینەی بۆ حیزبی شیوعی خۆش کرد بۆفراوانکردنی ڕێکخستن وڕێکخراوەکانی نێو جەماوەر وناوەندە حکومییەکان ، بۆنموونە لەمانگی ئابی (۱۹۵۸)دا ژمارەی ئەندامانی هێزی بەرگری میللی (المقاومة الشعبية )یانزە هەزار کەس بوو ، لە(۱۹۵۹)ژمارەیان بوو بە بیست وپێنج هەزار کەس ئەم هێزە بەشی زۆری لەئەندامانی حزبی شیوعی بوون ، هەروەها دانانی (کەماڵ عومەر نەزمی ) کەکوڕی (عومەر نەزمی) [٤] کفری بوووەکو جێگیری داواکاری گشتی لەدادگای گەل کە (فاضل عباس مهداوی ) سەرۆکایەتی دەکرد و دانانی (سەرۆکی یەکەمی ڕوکن سەلیم فەخری)بە ئێزگەی بەغداد پێگەی ئەم حزبە بەهێزتربوو بەتایبەت پاش شکست پێهێنان بەجوڵانەوەی عەبدلوهاب شەواف (عەزیز: ۲۰۱۵، ۱۹۳)کەشەوی (۷/۸ی مارسی ۱۹۵۹)لەلایەن کۆمەڵێک لەئەفسەرەوەبەسەرۆکایەتی (عەبدولوەهاب شەواف )[٥] لەشاری موسڵ کەدواتر کودەتاکەی شکستی هێنا (لعلی:۱۹۸۷، ۷۰-۸۰)لەم کاتەدا لەشاری کفری خۆپیشاندا ئەنجام دەدرێت لەلایەن شیوعیەکانەوە دژی شۆڕشی شەواف دروشمان دژی کودەتایان دەوتەوە پاشان بەداروپەڕۆ هەیکەلێکیان دروست کردبوو ناویان لێنابوو شەواف و بەردیان تێدەگرت (مجید، چاوپێکەوتن،۲۰۲۵)

وەکو لەپێشتردا ئاماژەمان پێکرد شیوعییەکان لەدوای هاتنی عەبدولکەریم قاسم بەشێوەیەکی ئاشکرا دەستیان بەکاروچالاکییەکانیان کرد لەشارێکی وەکو کفریش بارەگای ڕێکخراوی (شەبیبە)لەشاری کفری کرایەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەدانیشتوانی ئەم شارە وشارۆچکەی قەرەتەپە چوونە ڕیزی ڕێکخراوەکەوە ، هەروەها ڕێکخستنی حیزب لەهەردوو گوندی (زەرداو و دوانزە ئیمام )فراوان بوون ، دەربازی چەند گوندێکی تری وەکو (ڕەحیم وەرقە، چەتاڵ ، پیرەفەقیرە ، سالم ، قەواڵی ، قەرەبڵاغ ، کۆکس ، بانسنوق ، قەرەیەتاغ ، کنگربان ، هتد..)بوو

لیژنەی کفری حزبی شیوعی بەگەرمی دەستیان بەکاری ڕێکخستن لە سنوورەکە کردووە کەبریتی بووە لەکۆبوونەوبەهاوڵاتیان وئەندامەکانیان هەروەها شیکردنەوەوەی بەرنامەوپەیڕەوی حیزب لەگەڵ پەخشکردنی بڵاوکراوەکاندا کەلەوماوەیەدا دەردەچوون وگەیشتونەتە لیژنەی ناوچەی کفری بەتایبەت (طريق شعب ), لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز لیژنەی ناوچەی کفری دروست بوو بریتی بوون لەم کەسانە (ئیبراهیم حاجی سەعید ، مەلا عەزیز عەبدولڕەحمان دوانزە ئیمامی ، سەعید جەوهەر ، حەمید مورتەزا لەقەرەتەپە )سەعید جەهەریش دەبێتە بەرپرسی ئەم لیژنەیە لەدوای ساڵی ١٩٥٩ هەرچەندە دواتر دەزگیر دەکرێت چەندین جار دەستگیردەکرێ و چەندین جار دووردەخرێتەوە بۆ کوت و عمارە و بەغداد (جەوهەر، ، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥ )بەپێی بەڵگەنامەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق یاسای ژمارە (١٣٩)ساڵی ( ١٩٥٩ )تایبەت بەکۆمەڵەی جوتیاران دەرچووە واتە بەپێی یاسا کۆمەڵەی جوتیاران لەزۆربەی ناوچەکانی عێراق دروستبوون (الوثائق ، دار الكتب : ١٩٥٩)لەشاری کفری شێخ عەتا تاڵەبانی سەرپەرەشتی دەکردن هەروەها پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز و دروست بوونی کۆماری عێراق لیژنەی بەرگری لەکۆمار (لجنه الدفاع عن الجمهوريه )لەزۆربەی ناوچەکانی عێراق دروستبوو لەشاری کفریش لیژنەی بەرگری پێکهاتبوو لە (عەلی حەمدی ، محەمەد سەعید حەبیب ، قادر حاجی عەلی ، محێدین مستەفا ،ڕۆستەم جاف ، ڕەشید کازم ، حسێن حاجی سەمین )موکەرەم تاڵەبانی سەرۆکی ئەم لیژنەیەش بوو بەردەوام کۆبوونەوەی پێ دەکردن بەرنامەوپرۆگرامی کۆماری ڕوون دەکردەوە (عەزیز:٢٠١٥، ١٩٠-١٩٢)

بەڵام پاش ئەوەی سکرتێری حزب (سەلام عادل )نامەیەک بۆعەبدولکەریم قاسم دەنێرێت و داوای لێدەکات زیاتر دەرفەتیان پێبدان بۆبەشداریکردن لەحکومەت و پێدانی دەرفەتی زیاتر بۆپاراستنی کۆمار چوون پێیان وابوو تائێستا پەیوەندیەکی وا لەنێوانیاندا نیە ، هەروەها لەنامەکەدا ئاماژەی بەوەکردبوو شیوعییەکان هێشتا قوربانی دەستی نەتەوەییەکان پێویستیەگرنگیان پێبدرێت ،شیوعییەکان لەعێراق ولەکوردستان لەبۆنەوخۆپیشاندانەکاندا داوای حوکمیان دەکرد بەردەوام ئەم دروشمانەیان دەوتەوە (حزب الشيوعي للحكم مطلب عظيمي ) (پشدەری:١٣٢)دیارە عەبدولکەریم قاسم ئەمەی پێخۆش نابێت و توڕەدەبێت وەڵامی داخوازیەکانیان نەداتەوە (حسین:١٩٩٨، ١٨٠-١٨٥)لەوکاتە بەدواوە پەیوەندی عەبدولکەریم قاسم و شیوعیەکان تێک دەچێ وڕۆژنامەی (اتحاد شعب )دادەخرێت لەبەرانبەر دا گوشارەکانی حکومەت بۆ سەر عروبیەکان و چینی دەرەبەگ وتورانیەکان کەمی دەکرد ، بۆنموونە لەساڵی ١٩٦٠ بەشێک لەعروبیەکان ئازادکران ، هەروەها تورانییەکانیش ساڵی ١٩٦٠ توانیان لەڕێگەی دادگای عورفییەوە چاو بەهەندێک دۆسیە کۆنەکاندا بخشێننەوە و چەندین ئەندامی حیزبی شیوعیی لەدادگای عورفی کەرکوک سەرلەنوێ دادگای کرانەوە لەسەر دۆسیەی شەڕی ناوبازاڕی کفری ڕۆژی ١٩٦٠/٦/٢٣ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی شیوعی بەسزای جیاواز سزادران

سزادراوان (ڕەشید هەلاج، حسێن حاجی سەمین ، حەمید محمد ئەمین ، محمد سەعید حەبیب ، سەعید جەعفەر ، جەماڵ محمد عەلی ، فازل محمد ، جەلیل خەلیل ) (عەزیز:٢٠١٥،١٩٧) ئەندامانی حزب لێرەولەوێ بە تۆمەتی جۆراوجۆ سزادەدران بۆنموونە عەتا تاڵەبانی کە بەرپرسی کۆمەڵەی جوتیاران بوو بە دوو ساڵ زیندانی لەشاری عمارەسزابەتۆمەتی ناڕەوا گوایە شەش مریشکی لە گوندی دوانزە ئیمام دزیوە بە شایەتی ژنێک هەرچەندە حاکم

(شەمس دین عەبدوڵا )دەزانێ شایەتحاڵەکە درۆدەکات بەڵام بەحوکمی ئەوەی دژی شیوعییەکان دەبێت سزای دووساڵ زیندانی بەسەر عەتا تاڵەبانی دەسەپێنێت کەدواتر دەکرێ بەیەک ساڵ ، عەتا تاڵەبانی خۆی لەبیرەوەرییەکانی باس لەوەدەکات هەر ئەوکات زانیویەتی ئەحمەد بەگی بابان بڕی (١٠)دیناری بەو ژنە داوە لەبەرانبەردا لەدادگا شەیاتی درۆ دژی من بدات چوون ئەوکاتە دەرەبەگەکانی وەکو ئەحمەد بەگی بابان دژی چاکسازی کشتوکاڵی بوون پاش باس لەوەدەکات ئەوکات مەلاعەزیز عەبدولڕەحمان وپارێزەر عبدالقادر حاجی عەلی لەگەڵ بوونە (طالبانی:٢٠١٠، ٨٩)

**تەوەری سێیەم : پەیوەندی پارتی وشیوعییەکان و تورکمانەکان**

ناکۆکی نێوان هەردوو حزبی شیوعی وپارتی لەچل وپەنجاکاندا شێوەیەکی ئایدۆلۆجی وەرگرتبوو تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو سەرچاوەی ناکۆکی هەردوولا بۆئەوەدەگەڕایەوە دەیانویست ڕێکخستنەکانیان فراوان بکەن لەناوچین وتوێژەجیاوازەکانی گەرمیان و کفریدا بێگومان لەم کاتانەدا هەردوولا بەریەک دەکەوتن هەندێک جاریش دەگەیشتەئاستی بەکارهێنانی چەک (عەزیز: ٢٠١٠، ٨٦)شیوعییەکان لەدەرەوەی شاری کفری پشتیوانی دەکران وەکو داود ئەلجەنابی فەرماندەی سەربازی و بەرپرسی فیرقەی دووی کەرکوک لەبەهاری (١٩٥٩)سەردانی کفری کرد وهەڕەشەی لەپارتی کرد وبڕیاری دەستگیرکردنی هەندێک لەئەندامان ولایەنگرانی پارتی دەرکرد وەئەوفەسەروپۆلیسانەی لەکفری بوون هەندێکیان لایەنگیری شیوعیەکان بوون لەهەرلەهەمان ساڵدا هێرش دەکەنە سەر بنکەی پۆلیسی کفری وئاڵای عێراق دادەگرن وئاڵای تایبەت بەشیوعی بەرزدەکەنەوە ، بەڵام جەماوەری کورد لەئەنجامی هۆشیاری نەتەوایەتی ئاڕاستەی ڕاستی پارتی ئەم یاریەکاری تێنەکردن لەوکاتە دا کەسایەتیەکی وەکو عەلی حەمدی بەرپرسی ناوچەی کفری دەبێت بەسیاسەتی حەکیمانەی خۆی ناهێڵێت شەڕەکە گەورەتربێت بەبێ کوشتن کۆتایی پبێت (علی : ٢٠١٣، ٤١)دواتر ململانێ لەنێوان کوردوتورکمان دەسێنێت بەتایبەتیش لەنێوان ئەحمەد حاجی سەمین کە کوردبووە لەگەڵ عومەر یەحیای تورکمان چەندین جار ڕووبەڕووی یەک بوونەوە پاشان یەکتریان بریندارکردوە ئیدی شەڕەکە بووبەشەڕی تورکمان و کوردەکان لەناوشاری کفری ئەمەش بەکاریگەری شەڕی نێوان ئەودوونەتەوە لەکەرکوک بوو (مجید : ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ لەکەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵیادی شۆڕشی چواردەی تەمموز کەئەوکات ڕێپێوانێک ئەنجامدراوە بۆیادکردنەوەی شۆڕش لەوکاتەدا گرژی دروست دەبێت لەنێوان ئەوانەی ڕێپێوانەکەیان ئەنجامداوە و لەگەڵ تورکمانەکاندا ئیدی شەڕ پەرەسێنێت لەنێوانیان دەبێتە هۆی کوژرانی چەندین کەس لەهەردولا بەتایبەت تورکمانەکان دیارە ئەوەی دەستی لەکوشتنی تورکمانەکان بوو شیوعییەکان بوون بۆیە عەدولکەریم قاسم لەدوای ئەم ڕووداوە متمانەی بەشیوعییەکان نامێنێت ، لەوکاتەدا ڕۆژنامەی خەبات کەزمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ئۆباڵی شەڕەکە خستەسەر دەستی بێگانەودووره پەرێزی هەندێک لەتورکمانەکان و توندوتیژی شیوعیەکان (نەریمان : ١٩٩٤، ١٦٥)

**تەوەری چوارەم : پەیوەندی عروبیەکان وقاسم :**

بەتەواوی حکومەت جێگیرنەبوو ، بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە ناکۆکی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی ئەفسەرانی دەرکەوت باڵێک کاری دەکرد بۆ ئاواکردنی سیستەمی کۆماری لەسنوری عێراقدا تێدا هەموو نەتەوەوتوێژێک مافی پارێزراو بێت و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە باش بێت وبێلایەن بێت سەربەهیچ جەمسەرێک نەبێت ، ئەم باڵە عبدالكريم پێشڕەوی دەکرد ، باڵی دووەمیش کاری

دەکرد بۆ یەکگرتنی وڵاتە عەرەبیەکان وهەڵی دەدا بەلکاندنی عێراق بە کۆماری یەکگرتوو ، عەبدولسەلام پێشڕەوی ئەم باڵەی دەکرد زۆربەی ئەفسەرانی سوننەی لەخۆ دەگرت ، لەژێرکاریگەری بیری عروبیەت ومەزهەبی سونەبوون ، عەبدولسەلام عارف لە ڕۆژی ١٨ی تەمموز و میشل عەفلەقیش لە ٢٤ی تەمموز لەوتارەکانیاندا ئاماژەیان بە بیرۆکەی عروبیەت دا ، عەبدولکەریم قاسمیش ناڕاستەوخۆ وەڵامی دانەوە گەلی کوردوعەرەبی شیعە لەگەڵ بیرۆکەی عروبیەت نەبوون ، حزبی شیوعیش بەڕوونی وبەهێز پشتگیری لە هەڵوێستی قاسمیان دەکرد (عەزیز:٢٠١٥، ١٩١)، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعس و حیزبی ئیستقلال کۆبوویەوە واتە چوون بەرەی دژبە قاسم ئەوەندەی تر گومانی خستە دڵی قاسمەوە هەروەها هیچ بەرژەوەندیەکی بۆکورد تیانەبوو ، هەرچەندە قاسم بەشێوەیەکی کرداری مافی کوردی نەسەلماندبوو بەڵام لەدەستووردا یەکسانی وهاوبەشی کوردوعەرەبی لەعێراقدا تۆمارکردبوو بەپێچەوانەوە حزبی ئیستقلال و حزبی بەعس دانیان بەوە نەدەنا (طالبانی : ٢٠٢٥، ٦٦)ناکۆکیەکان تادەهات پەرەی دەسەند عەبدولکەریم قاسم لەڕۆژانی (١٢، ١٩٥٨/٩/،٣٠) هەرسێ پلەی لە (عەبدولسەلام عارف) وەرگرتەوە و لە ڕۆژی( ١٩٥٨/١١/٤)دەستگیری کرد ، لەدوای ئەم ڕووداوانە وەزیرەعروبییەکان هەڵوێستی نارەزایان پیشانداو دەستیان لەکارکێشاییەوە (عەزیز : ٢٠١٥، ١٩٢).بێگومان ئەم هەڵوێستەی نەتەوەپەرستەکان دروستکردنی بەرەی دژبە عەبدولکەریم قاسم لەدواتر دا رەنگەدانەوەی لەسەرتەواوی ناوچەکە هەبوو بەشاری کفریشەوە ئەوەتا لەساڵی (١٩٥٩)عبدالوەهاب شەواف لەموسڵ شۆرش ئەنجامدەدات دژبە قاسم بەڵام سەرناکەوێ لەهەمان کات لەشارێکی وەکو کفری خۆپیشاندان دەکرێت دژبە جوڵانەوەی شەواف واتە حکومی عەبدولکەریم قاسمیان پێ باشتر بووە بەهۆی ئەوەی لایەنگری شیوعیەت لەناوچەکە زۆربوون لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدابوون .

**٢- باسی دووەم : پەیوەندی دەربەگ و جوتیار**

لە ٣٠ئەیلوولی ١٩٥٨ یاسایی چاکسازی کشتوکاڵی دەرچوو بەمەش گوزێکی گەورە بەر فیوداڵ وخاوەن زەویەکان کەوت بووە هۆی کەم بوونەوەی هێز ودەسەڵاتی شێخ و ئاغا ودەرەبەگەکان ، تا کاتی شۆرش ١% گوندنشینان خاوەن یەک بست زەوی نەبوو

نەک زەوی بەڵکو سەرمایەشیان نەبوو بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ شەش خێزانی جووتیار یەک ئەسپیان هەبووە (ابراهیم: ١٩٥٨، ٣٠)، ( (الناس: ٢٠٠٩))بۆیە شۆرشی ١٤ی تەمووز گەورەترین چینی کۆمەڵگای رزگارکرد ئەویش جوتیاربوو بەدابەشکردنی زەوی بەسەریاندا ودابینکردنی هاوکاری مادی و تەکنیکی بەسەریاندا بۆ ئەوەی بتوانن بەژیانێکی شایستە بژین هەروەها کۆمەڵەی جوتیاران و وەبەرهێنانی دامەزراند بۆ ڕێنماییکردنیان بۆ باشترین رێگا وسەردەمیانە لەکشتوکاڵ کردن و گرنگیدان بە خاک و بەرهەمی کشتوکاڵی وئاژەڵی لەرێگەی سەرپەرشتیارو رێبەری کشتوکاڵی وئەوانەی خاوەن ئەزموونن . (العراق م.: ١٩٦٥،٥)

لەکفری بەتایبەت لە گوندی زەرداو شێخ عطا تاڵەبانی لەگەڵ هەندێک خاوەن زەویە کشتوکاڵییەکان وەک (شێخ محمد نەجیب تاڵەبانی ، سعید محمد جاف ، محمود رەزا بەگ، نامیق ئاغای زەنگەنە ، هەندێک کەسایەتی شاری کفری )کۆبوویەوە لای خۆیەوە پێی ڕاگەیاندن کە" شۆرشی ١٤ی تەمموز بەتەنها شۆرشی سەربازی نیە بەڵکو شۆرشی دیموکراسیە ئەوانەی پشتیوانی دەکەن ئامانجگەلێک هەڵدەگرن کە داخوازییەکانی خەڵکە ئەویش دیموکراسیە ئەم ووشەیە هەرچەندە کورتە بەڵام مانایەکی زۆری هەیە تەنها ئازادی

ڕادەربڕین ناگرێتەوە بەڵکو ئازادی ئابووری و کۆمەڵایەتیش لەخۆ دەگرێ (طالباني:٢٠١٠، ٩١).
بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگاکەمان جوتیارن وەلەم قۆناغە قازانج دەکەن دەبێت ئیوەش بەشێوەیەکی باش بەشداری خۆشییەکانی جوتیاران بکەن ودژیان ڕانەوەستن چوون پاش ماوەیەکی تر یاسایی چاکسازی کشتوکاڵی لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕشەوە دەردەچێ کەتیایدا پەیوەندی نێوان خاوەن زەوی و دەرەبەگ ڕوون دەکرێتەوە هەر وەکو چۆن لەمیسر. شۆڕشی ١٩٥٢ هەڵگیرسا و تیایدا چاکسازی ڕاگەیاند و هێرشی کردە سەر ئەوکەسانەی کە دژی بوون بۆیە هیوادارم دەستبەرداری هەندێک کردەوە بن کەپێش شۆڕش بەرانبەر جوتیاران ئەنجامتان داوە وەکو وەرگرتنی
(سەرانە ، زەوتکردن ، سەرکوتکردن ) "(طالباني :٢٠١٠،٩٢ ) لەسەردەمی عوسمانییەکان کاتێک سیستەمی ڕێگەپێدانی زەویەمیرییەکان دەچوو بەتایبەتی ساڵی( ١٨٦٠ )بەدواوە زۆربەی زەوییەکانی کفری ودەوروپشتی کەوتنەدەست سەرۆک هۆزوبنەماڵەدەوڵەمەندوخاوەن پێگە (بەگزادەکانی جاف ، بنەماڵەی بابان ، تاڵەبانی ، سەیدەکانی کفری ، شێخەکانی شاکەل ) (٩)کەرتی لەسنوری ناحییەی خورماتوو بۆ هەردووبنەماڵەی (بابان و سەیدەکانی کفری بووە ) (عەزیز، ٢٠١٥، ٨٠) هەروەها بەگزادەکانی جاف خاوەن (٥٣٩٥٣٣٣)دۆنم بوو بەگزادەکانی جاف خاوەن گەورەترین زەویداری عێراق بوون لەناوچەی گەرمیان بەتایبەتی تەنها لەسنووری (شێروانەوقەرەتەپە)کەسەربە کفری بوون (٢٠٠)هەزار دۆنم زەوی پشت ئاو زیاتر لە (١٢)هەزار دۆنم زەوی بەراو بوون ئەمانە جگەلە زەوییەکانیان لەناحییەی (پێبازوقەزای خانەقین ) وەچەندین جار لەسەر خاوەندارێتی زەوییەکانی ناوچەی کفری شەڕ ڕوویداوە لەنێوان دەرەبەگەکان لەساڵی ١٩٤٥ داود بەگ لەگەڵ کەریم بەگی برای ڕووبەڕووی جەمیل بەگی بابان دەبنەوە لەسەر زەوییەکانی ناوچەی کولەجۆ وهاجیلر دواتر کێشەکەیان دەبەنەدادگا بەپێی ئەو بەڵگەنامەییەی لەبەردەستمانایە داودبەگ زۆر توندبووە بەرانبەر بەجەمیل بەگ چەندین قسەی نەشیاوی پێ ووتوە دوای ئەو هەڵسوکەتانەی داودبەگ دادگا بڕیاری داوە بەرانبەر چاککردنی ڕەفتارەکانی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بەکەفالەتی هەزاردینار داود و کەریم بەگی ئازاد بکات(الوثائق : دارالكتب ، ١٩٥٩، رقم ٨٧٨٥-٣٢٥٠) بەڵام دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز زۆربەی زەوییەکانیان لەدەستدا (عەزیز:٢٠١٥،٨٠)هەرلەسەرەتای شۆڕشەوە لەکفری ودەوروبەری ئاهەنگ وخۆپیشاندان ڕێکخراوە لەکفری موکەڕم تاڵەبانی سەرپەرەشتی خۆپیشاندانەکانی کردووە (حەبیب: ٢٠٢٥ )لەکەلاریش بەهەمان شێوە خۆپیشاندان کراوە هاوڵاتیان لەبەردەم مزگەوتی گەورەی کەلار کۆدەبوونەوە پاشان چوونەتە بەردەم ماڵی بەگزادەکانی جاف ئەم کارە ڕۆژانە دووبارەیان کردۆتەوە .زۆرجار (ئەحمەدی حاجی ڕۆستەم )ئەندام وکادیری حزبی شیوعی پێشەنگ وپێشڕەوەی خۆپیشاندەران بووە لەوخۆپیشاندانانە کۆمەڵێک دروشم ووتراوەتەوە بەشێوەیەک کەسێک دروشمەکانی بەدەنگی بەرز ووتوە ئەوانی تر بەدوایدا وتویانەتەوە لەو دروشمانەی لەخۆپیشاندانەکان وتراونەتەوە :
باران باری تەڕمی کرد عەبدولکەریم سەورەی کرد ، کوردوعەرەب برایە بۆ جمهوری فیدایە ، کاکە کەریم بۆ پێشەوە ڕیشەی دەرەبەگ بکێشەوە ، ماکو زعیم الا کریم ، عاش الزعیم عبدالكريم شعب العراق شعب العظيم، جوتیار زەوی خۆیەتی ئاغا باوەکەڕۆیەتی ، ئاغا هاتووە بۆ تاپۆ تێهەڵدەن با بڕواتۆ (شاکەلی: ٢٠٢٥ )بەوتنەوەی ئەم دروشمانە خۆپیشاندانی ڕۆژانە بەردەوام بووە هەندێک جا خەڵکی دەرەوەی کەلاریش بەشداریان کردووە (جاف:٢٠٢٤،١١٣)لەوانە مەلا سلێمان زەماوەنگەی بەشێوەیەکی بەردەوام دژایەتی چینایەتی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

کردوە دژی دەرەبەگەکان وەستاوەتەوە وبەناو زۆربەی گوندەکانی کفری گەڕاوە و هانی خەڵکی داوە ببن بەشیوعی (سلێمان: ٢٠٢٥)

لەپێبازیش بەهەمان شێوە جوتیارەکان دەچوونە سەرماڵی موڵکدارەکان مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی لەبیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ چەند ئەندامێکی شیوعی چوونەتە دێی پونگەڵەی ناوچەی پێباز لەوکاتە چەند جوتیارێک دەوری ماڵی حاجی مەحموودیان داوە کەئەوکات خاوەن موڵک بووە چاوەڕێی هەڵێک بوونە بۆ هەڵکوتانە سەر ماڵی حاجی مەحموود کەئەوکات گومانی وا بووە کە پلانی مەلائەحمەد وکورەکەی خۆی بووبێت کە ئەندامی حزبی شیوعی بوون (بانیخێلانی:٢٠١٤، ١٥٤-١٥٥)لەدوای شۆڕش شیوعیەکان بەئاشکرا چالاکیان ئەنجامەدەدا لەقەزای کفری (کۆمیتەی قەزای کفری حزبی شیوعی )کەپێکهاتبوو لە (عەتا تاڵەبانی، ئیبراهیم حاجی فەتاح ، مەلا عەزیز عەبدوالڕەحمان ، سەعید جعفر، حەمید مورتەزا، ) ئەمانە دەستیان کردووە بەدامەزراندنی کۆمەڵەی جوتیاران لەوکاتەدا جوتیاران لەم کاتەدا زۆر دڵ پڕبوون لەدەرەبەگەکان داوای تۆڵەسەندەوەیان دەکرد (طالبانی: ٢٠١٠،٩٤)

دوای ماوەیەک لەکاروچالاکی کۆمەڵەی جوتیاران هەندێک خاوەن زەوی سەریان بەرزکردوە ودژی کۆمەڵەی جوتیاران وەستانەوە لەوکاتەش لەلایەن هەندێک لەدەزگاکانی کارگێڕی و پۆلیس و پشتگیری دەکران کەبوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیاران (طالبانی، ٢٠١٠،٩٥)

بەڵام دواجار بەهۆی ئەوەی شێخ و دەرەبەگەکان پشتگیری دەسەڵاتی پاشایەتی بوون دژی یاسایی چاکسازی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندابوون ناچاربوون عێراق بەجێ بهێڵن بەرەو ئێران و وولاتانی دەوروبور کۆچ بکەن لەکەلاروکفری داودبەگی جاف (١٩٠٤-١٩٦٦)وکوڕەکانی سەرداروسالار بەرەوخانقین چوون ولەوێشەوە چوونەتە خاکی ئێران هەروەها لەزەنگئابادی گەرمیان محمد نەجیب تاڵەبانی ولەخانقین ساڵح ڕۆستەم خان جمهور (١٩١٢-١٩٨٣)وعوسمان بەگی شەرەفبەیانی (١٨٩٥-١٩٦٧) لەوانەبوون بەهەمان شیوە بەدوای یەکدا پەنایان بردۆتە بەر ئێران (ناسر: ٢٠٢٢، ٤١)

وەهەندێکیان لەئێران بوون بەکاربەدەست وتوانیان لەنێوەندی دامودەزگاکانی حکومەتی ئێراندا جێگای خۆیان بکەنەوە وبگەنە جومگەکانی دەسەڵات لەوانە :کوڕانی داود بەک ( سەردار جاف ، سالار جاف ) یەکەمیان : بۆدواجار کرایە بەرپرسی بەخشینی ویسامی شاهنشاهی لەدەربارى شا سالاری برای کاوەیەک بەڕێوەبەری گشتی بووە لەئەمینداریەتی تارانی پایتەخت وپاشان وەکو نوێنەری پاوەو هەورامانی تەخت هەڵبژێدراوە کرایە ئەندامی خولی بیست وچوارەمینی شورای میللی ئێران (ناسر: ٢٠٢٢، ٤٢)

## باسی سییەم : کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەمووز لەسەر لایەنی کارگێڕی وئابووری شاری کفری

### تەوەری یەکەم : کاریگەری شۆڕش لەسەر لایەنی کارگێڕی

تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم شاری کفری شارێکی زیندوو بووە ، پێگەی کارگێری بەهێزی هەبووە ، سەنتەری ناوچەی گەرمیان بووە دانیشتوانەکەی لەزیادبووندا بووە ، لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) کفری لەناحییەکانی (شێروانە ، پێباز، قەرەتەپە )پێکهاتبوو (غەفور: ٢٠٢١، ٢٠٩) ژمارەی دانیشتوانی کفری لەوکاتەدا (٦٤١٣٥)کەس بوون کەزۆربەیان گوندنشین بوون بەرێژەی ٨٦%، هەرلەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی کۆماری بەپێچەوانەی دەسەڵاتی پاشایەتی تا


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەهات قەبارەی کارگێڕی ناوچەی کفری کەم دەکرایەوە ، ئەم گۆڕانکارییانە دوای کەمتر لەدوومانگ لەسەرکەوتنی شۆڕش دەستی پێکرد بەفەرمانی کۆماری ژمارە (٢٤٥)لە (١٩٥٨/٩/٣)بەدابڕاندنی (٣٠)کەرت لەناحییەی قەرەتەپە ، ناحییەی جەلاولا ئاواکرایەوە وە بەفەرمانی ژمارە (٤٨٩)لە (١٩٦٢/٩/١٣) (٨)کەرتی تری ئەو ناحییە لکێنرا بەجەلەولاوە دواتریش بەهاتنی بەعسیەکان کارگێڕی کفری زیاتر بچوکرایەوە (عەزیز:٢٠١٩، ٥٠-٥٦) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی بەعەرەبکردنی شاری

کەرکوک بچوکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەژمارەی کوردیان زۆر بوو هەربۆیە تێبینی دەکرێت گۆڕانکارییە کارگێڕیەکان بەتایبەتی لەسەردەمی هاتنی بەعسیەکان لەناوچەکوردیەکان بووە بەبەراورد بەناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق حکومەت دواتر قەزای کەلاری دروست کرد لکاندی بەشاری سلێمانیەوە هەروەها شاری کفریشی- لکاند بەدیالەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن ورده ورده دوای ئەم گۆڕانکاریانە شاری کفری لەڕووی کارگێڕییەوە پێگەی خۆی لەدەستدا (محمد : ٢٠٢١، ٢٨)

**تەوەری دووەم : پێگەی ئابووری کفری دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز .**

قەزای کفری هەتا سەرەتای پەنجاکان تاوەکو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لەپێشکەوتنی ئابووری بووە بەڵام لەساڵی ١٩٥٩ بەدواوە بەرێژەی ٢٠% ژمارەی دانیشتوانی کەمی کردووە کەئەمەش بەهۆی سیاسەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە ، بەهۆی ئەوەی لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز ململانێ لەنێوان لایەنەکان پەرەیسەند بەتایبەتی لەنێوان بیری چەپ و ڕاستڕەوەکان ، هەروەها ململانێ لەنیوان ڕەگەزەجیاوازەکان و پێکهاتەکان هاتە ئاراوە ئەمە جگەلەملمڵانێ لەنێوان حکومەتە خۆجییەکان وحکومەتی ناوەند کەکاریگەری لەسەرئاستی گەشەکردنی ئابووری هەبوو لەشارێکی وەکو کفری بەشێک لەدانیشتوانەکەی بەرەو شارەکانی کەرکوک و بەغداد کۆچیان کرد (شاکەلی : ٢٠١٢، ١٨-١٩)، ئەوە ڕاستە ڕێژەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای کفری لەساڵی ١٩٥٧ بەدواوە زیادی کردووە بەڵام ئەم زیادکردنە لەکاتێک دابوو شاری کفری پێگە گرنگەکەی لەدەست دابوو ،بەهۆی ئەوەی لەچلەکان فەرمانی پرۆژەی بەغداد-حەمرین -کفری – قەرەداغ – سلێمانی دەرچوو ، بەجێبەجێکردنی پێگەی کفری بەهێزدەکرد لەڕووی ئابوری وبازرگانیەوە بەڵام لەبری ئەو پرۆژەیە ڕێگای (بەغداد -دوزخورماتوو- کەرکوک )و (بەغداد -جەلەولا- سلێمانی)ئەنجامدرا پرۆژەی ئەو ڕێگاییەی تایبەت بوو بە بەغداد – کفری – سلێمانی ئەنجام نەدرا ئەمەش وای کرد بەرەو لاوازی و سستی گەشەی ئابووری بڕوات سنووری بازرگانی تەنها لەنێوان ناوەندی قەزای کفری و گوندەکانی قەتیس بوو(عەزیز:٢٠١٩، ٤٦)هەروەها لەو ماوەیەدا ماوە توێژینەوەکە ئاوی چەمی (قۆچەشاپان )کەلەباکووری شارەوە ئاوی بە باخ و باخچەو مزگەوت وحەمام و شوێنەگشتیەکان دەگەیاند بەرەو کەمبوونەوە چوو بێگومان ئەم کەمبوونەوەی ئاوە کاریگەری لەسەر بژێوی خەڵک هەبوو زیانی زۆری پێگەیاندن ، ناچار بوون شاربەجێبهێڵن (شاکەلی : ٢٠١٢، ١٩)، پاشان گەشەکردنی ئابووری و بازرگانی پێویستی بە ئارامی وئاسایش هەیە لەوکاتەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز لەشارێکی وەکو کفری حزبێکی نەتەوەیی وەکو پارتی دەرکەوت لەبەرانبەر شیوعییەکان کەلەناوچەکەدا زاڵ بوون کەوتنە ملمڵانێ لەگەڵیان ، پاشان بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی و حکومەتی ناوەندی نائارامی شاری کفری گرتەوە حکومەت دەستی کرد بەگرتنی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان دا دەنا لەسەر داکشانی ئابووری ناوچەی کفری .

**باسی سێیەم : دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول و کاریگەری لەسەر شاری کفری.**

دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز لەعێراقدا سیستەمی کۆماری جێگەی ڕژێمی پاشایەتی گرتەوە . لەسایەی دۆخی تازەی وڵاتدا ، بایەخێکی زۆر بەپرسی ئازادی و مافە دیموکراسیەکان درا . کەبێگومان کوردیش لەم گۆڕانکاریانە بەهرەمەند بوو بەئومێدی چارەسەرکردنی پرسی کورد ، هەروەها عەبدولکەریم قاسم لەماددەی (٣)ی دەستووردا دانی بەهاوبەشی و یەکسانی کورد وعەرەبدا دانا لەسەرەتادا لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بایەخێکی زۆر بەخواست و داواکارییەکانی کورد دەدرا ، بەڵام مانگی هەنگوینی نێوان کوردوعەبدولکەریم قاسم زۆری نەخایاند کە چەندین هۆکار لەپشت ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان

١-ڕۆژنامەی خەبات کەزمانحاڵی پارتی دیموکراتکوردستان بوو لەمانگی ئازاری ساڵی (١٩٦١)حکومەتی عێراق دایخست ودەستیان گرت بەسەر بارەگاکانی پارتی وتاوانبارکردنی ئەندامەکانیان و بڕیاری گرتنیان بۆدەردەکرد (سەنگاوی: ٢٠١٤، ٣٤٨)

٢-چوونی بارزانی بۆمۆسکۆ بۆ مۆسکۆ لە٥ی تشرینی دووەمی (١٩٦٠) بۆ بەشداری کردنی لەساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر باس کردنی کێشەی کورد لەگەڵ بەرپرسانی مۆسکۆ یەکێکی تر بوو لەهۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و بارزانی

٣- هەروەها عەبدولکەریم قاسم لەدوای شۆڕش بەماوەیەک ڕووی وەرگێڕا و پشتی لەکورد کرد ئاماژەی بەوەکرد ووشەی (کورد)هیچ مانایەکی نەتەوەیی نیە . هەروەها ڕۆژنامەکانی ئەوکات نموونەی ڕۆژنامەی (الثورة و بغداد) کەوتنە دژایەتی کردنی کورد بەچەند ووتارێک داوای تواندنەوەی کوردیان دەکرد لەبەرانبەردا ڕۆژنامەی خەبات کەئەوکات زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو وەڵامی دانەوە (الردام:٢٠١٣، ١٢٥-١٣٠)

٤- بوونی پەیوەندی نێوان بارزانی وئینگلیز مام جەلال دەگێڕێتەوە جارێکیان عەزیز ئەقراوی کە ئەفسەربوو لەئیستیخباراتی فیرقەی ٣ ، لەهەمان کاتیشدا ئەندامی پارتی بوو منیش لێپرسراوی بووم بەپەلەهات بۆلام کە لەعەبدولکەریم قاسمی بیستوە مەلا مستەفا پیاوێکە لەگەڵ ئینگلیز کاردەکات پەیوەندی لەگەڵیان هەیە وە بەڵگەی لەسەرە و هەمووی خوێندۆتەوە کە دژی حکومەتی عێراق کاردەکات (رشيد: ٢٠١٧،١٦١)

دوای گەڕانەوەی بارزانی لەمۆسکۆ لە ١٣ی کانوونی دووەمی (١٩٦١)بۆی دەرکەوت عەبدولکەریم قاسم کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە بۆ لاوازکردنی هەوڵی دا لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەری بکات بەڵام هەردوو لایان ڕێکنەتن بۆیە بارزانی بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆناوچەی بارزان (رشيد: ٢٠١٧،١٣٠)

دوای ئەو ڕووداوانە و زیندانی کردنی ئەندامانی پارتی جموجوڵی چەکداری لەناوچەکانی کوردستان پەیدابوون لەسەرەتادا لەساڵی (١٩٦٠)لەکەلاری سەربەناوچەی کفری چەندین کۆبوونەوە لەماڵی مستەفا بەگی جاف بەئامادەبوونی بەگزادەکانی جاف ئەنجامدراوە لەوکۆبوونەوانەدا باس لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم کراوە ، لەوانە جێبەجێ نەکردنی ماددەی (٣)ی دەستووری کاتی کەباس لەهاوبەشی ویەکسانی کوردوعەرەب کراوە لە عێراقدا ، لەدوای چەندین کۆبوونەوە بڕیار دەدەن کە دژی عەبدولکەریم قاسم بوەستنەوە ئەوە بوو لە (٩)ی ئەیلولی (١٩٦١) کاتێک لیوایەکی سوپای عێراق ویستویەتی لە دەربەندیخانەوە بەرەو سلێمانی تێپەڕ ببێت بەمەبەستی چوونیان بۆ سلێمانی، دیارەئەم چالاکیە سەربازییە ئامانجێکی لەپشتەوە بووە هەرئەمەش وای کرد بەگزادەکانی جاف لەگەڵ هەندێک سەرۆک عەشیرەتی

ناوچەکە کۆببنەوە گرنگترینیان ئەمانەبوون (حاجی محمود هارونی لەگوندی پونگەڵە لەگەڵ (شەوکەتی حاجی موشیر، عەلی حاجی محمد خوڕخوڕ ، حاجی فەتاح ئەحمەد ، حاجی محمودی گوڵەخان ، حاجی مستەفا قادر، خەلیفە سەعید قەدەفەری ، حەمەساڵح ئیبراهیم قەدەفەر) لالە سەرحەد لەگوندی دسکەرە شێخ ئەحمەد شێخ ڕەزا سۆڵەیی ، عیزەدین بەگ لەهەلەبجە،حاجی عەبدولڕەحمانی زمناکۆیی ، محمد قادر شەفی ،دارا تەرخانی ، مارف ئاغای گەلاڵی محمود بەگی ڕەزا بەگ ،مستەفا بەگی کەریم بەگ لەکەلار ) بڕیاریان دا دژی ئەو هێزە بوەستنەوە لەتونێلی دەربەندیخان ڕێگریان لەهێزەکە کرد بەڵام دوای ئەوەی هێزێکی زۆرەوە بەرنگاریان کرا تێکشکێنران زۆربەیان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان تەنیا حاجی مەحموودی هارونی نەبێت لەگەڵ مستەفا بەگ و چەند کەسایەتیەکی تر ڕوویان لەسەید سادق کرد ماوەیەک لەشاخی پوشکین مانەوە لەوێدا مستەفا بەگ پەیوەندی بە داود بەگی مامی دەکات کەئەوکات پەناهەندەی ئێران دەبێت ب ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیران ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری ودریژەدان بەشەڕ دژی حکومەتی عێراقی دواد بەگ لەگەڵ سەرداری کوڕی و سەرهەنگێکی ئێرانی بەناوی سەرهەنگ(مهدی ) لەناوچەی هەورامان چاویان بەمستەفا بەگ دەکەوێت بەڵام سەرهەنگ مهدی پێ دەڵێت کە لەئێستا دا ناتوانین هاوکارتان بین مستەفا بەگیش بێ ئومێد دەبێت لەناوجاف خۆی حەشاردەدات تاوەکو ئەوکاتەی لێبوردنی بۆدەردەچێت (جاف ح:.٢٠٢٥، چاوپێکەوتن)

کاتێک تەجەموعی عەشایەری دروست بوو لە هەندێک ناوچەی کوردستان، پارتی کەوتە نێوان دوو بەرەوە ودووبۆچوون بۆچوونێکیان ئەوەبوو مامۆستا برایم ئەحمەد ودکتۆر شەمزینی و دکتۆر موراد و نوری شاوەیس دەریاندەبڕی وئەیانوت ئەم کۆبوونەوە عەشایەریە کۆبوونەوەیەکی گومانلێکراوە کۆنەپەرەستی بێ سەروبەرە هەرماوەیەک دەوام دەکات مێژووی کورد ئەمەی دەرخستوە هەموو بزوتنەوەیەکە عەشایەری سەرکەوتوونابێت ئەگەربەدەستی بێگانە هەڵگیرسابێت لەبەر ئەوە نابێت ئێمە پشتگیری ئەو جۆرە بزوتنەوانە بکەین ، بۆچوونێکی تر هەبوو بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بوو کە ئەیوت با ئێمە ئەوانە لەچەند شوێنێک هاندەدەین نەک بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بەڵکو بۆ ئەوەی حکومەت هەوڵ بدات ئەو جولانەوانە بکوژێنێتەوە بەڵام پێیان ناکوژێتەوە دوای ناچار دەبن کە ڕەچاوی ئێمە بکەن و داوای یارمەتی لەئێمە بکەن (رشید:١٧٤،٢٠١٧)لەدوای ئەم ڕووداوە حلمی عەلی شەریف دەبێت بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی لەناوچەی بەمۆ لەکاتی ڕووداوەکە لە خانقین دەبێت وپاشان وەستا دارا دەیگەیەنێتە لای محمد ساڵەح دەڵو لەباوەنور حلمی لەوێ کۆبوونەوەی بەڕێکخستنەکان کردووە دواتر حەمەی حاجی وەلی دەیبات بۆ کلاری کۆن لەوێ کۆبوونە بە ڕێکخستنەکان دەکات بڕیاریاندا پێکەوە ڕوو بکەنە ناوچەی بەمۆ هەرئەو ڕۆژە حلمی لەماڵی حەمەی حاجی وەلی دەبێت عەزەی کاکەحەمە و سابیر سەڵتە زەرد لەلیژنەی ناوچەی کفری هاتن سەردانی دەکەن لەگەرمەی گفتۆگۆوبەرنامەوپلانی نوێ بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان لەوکاتە (حەبێ خان)کچی کریم بەگ ئاگاداریان دەکاتەوە کە دەبابەوحکومەت چواردەوری کەلارکۆنی داوە بەڵام بەهۆی لێهاتووی حاجی وەلی باوکی حەمەی حاجی وەلی لەوێ دەربازیان دەبێت ڕوودەکەنە ناوچەی بەمۆ لەوێ حەمەی وەلی دەنێرێت بەشوێن ڕەزا بەگی دەلۆیی بەرێوبەری پۆلیسی. ناحیەی مەیدان کەئەوکاتە سەربەڕێکخستنەکانی پارتی بوو چاوی بەحلمی عەلی شەریف دەکەوێت ڕەزا بەگ لەوێدا دەڵێ خۆم وپۆلیسەکانم ئامادەین ببین بەپێشمەرگە بەلام حلمی دەڵێ بۆئەوکارە پێویستی ڕای مەکتەبی سیاسی وەرگرم ناتوانم داواکاریەکەت جێ

بەجێ بکەم ڕەزا بەگ دەگەڕێتەوە مەیدان و حلمی و پێشمەرگەکانی لەسەرتەک جێگیر دەبن (مەحموود: ٢٠٢٤، ٣٠٠-٣٠٥).
حکومەتی عێراق لە (١٠-١١-١٩٦١)هێرشی کردە سەر هێزی عەشایرەکان بەسەرکردایەتی ئامر لیوا (هاشم عبدالجبار)سەربەفیرقەی سێی دیالە لەجەلەولا (شاکەلی: ٢٠٢٥)وە هات بڵاوەی پێکردن بەتایبەت لەناوچەی دەربەندیخان و بازیان شکست و نوشستیەک هاتە کایەوە هێزی چەکداری نەما وبڵاوەیان پێکرابوو بەڵام دوای ماوەیەک مەفرەزەی پێشمەرگە لەبناری شاخی بەمۆ پێکهات ژمارەیەک ئەندامی چالاک ولێهاتوو وەک یەکەم مەفرەزەی چەکداری شۆڕش چوونە شاخ و لەدەربەندی بێلولە و دواتریش لەسەرتەکی بەمۆ جێگیربوون ئەوانە بەنهێنی کاریان کردوە لەلایەن ڕیکخستنەکانی شۆڕشەوە هاوکاری کراون لەسەرەتادا ژمارەیان کەم بوو بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیـان زیـادی کـردووە ، پـاش ئەوەی حکـومەت لەناوشـار بەدوای ڕێکخســتنەکان گەڕاوە بــۆئەوەی دەســتگیریان بکــات ئەم فشاروگوشــارانە وای کردبــوو ڕێکخستنەکانی شار جێبهێڵن و ڕوو لە شاخ بکەن (دەلۆ: ٢٠١٤، ١٥٢)
لەناوچەی شاخی بەمۆ چەند بارەگایەکی پێشمەرگەکانی پارتی کرایەوە لەوانە بارەگای بێلولە وبنکەی سەرەتەک وبنکەی گوندی شمشێرکوڵ ،ژمارەی پێشمەرگەکانی (٣٥)پێشمەرگەبوون لەسەرەتادا لەوانە (حەمەی حاجی وەلی ، ئەحمەد کەلاری و حەمەمین کەلاری ، حلمی عەلی شەریف ،رفیق پشدەری ، حسێن محیّدین ،ئەحمەد حاجی وەلی ،عەلی سەلیم بەگ، ڕەزا قالەجاف و حسن قالە جاف ،عەزەی حەوا ، صالح پالەوان ، ڕەشەی قالە جاف ، کەریم تایشەیی و ئەحمەد هۆرێنی ، هتد....)ئەمانە زۆربەیان خەڵکی گوندی کەلاری سەربەناوچەی کفــری بــوون لەدوای تێکشــانی بەگزادەکــانی جــاف درێژەیــان بەخەبــاتی شــاخ داوە (پشدەری:٢٠٠٢،٥٩)جۆری چەکەکانیان بریتی بوون لە (برنەوتفەنگی سێ تیری فەرەنسی-وئینگلیزی وهۆلندی و یەک دەمانچەی برنە، سێ دەمانچەی چواردە خۆر )ئەم پێشمەرگانە لەلایەن خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شاخی بەمۆ خزمەت دەکران و خواردنیان بۆ دەبرا . (پشدەری :٢٠٠٢،٦١) ڕێکخستنەکانی پارتی کەلەشاخی بەمۆ دروستبوون لەوبەوبەری سیروان ناوبەناو شەوانە سەردانی دۆست ولایەنگرانی پارتیان دەکرد لەناوچەی کفری حکومەت و دەستگاکانی پۆلیس وئاسایش ئەو دەمە دەسەڵاتی پتەوبەهێز نەبوو ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبوون لەبەرانبەریشدا پشتوانی جەماوەر بۆ ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگەکانی بناری بەمۆ وڕێکخستنە نهێنیەکانییەکان تا دەهات زیارتر دەبوون (شاکەلی: ٢٠١٢ ، ٢٠٠)
ئەم پێشمەرگانە لەناوچەکە جگەلەوەی دژایەتی حکومەتی عێراقیان دەکرد چەندین جار ڕووبەرووی شیوعییەکان بوونەتەوە تا ئەوکاتەش شیوعییەکان لەناوچەکە هێزی باڵادەست بوون بەڵام دوای ئەوەی حلمی عەلی شەریف دەبێتە بەرپرسی پارتی فشار لەشیوعییەکان دەکات یان دەبێت ببن بەپارتی یان ناوچەکەچۆڵ بکەن چەندین جار هێرشیان کردەسەریان جارێکیان لە گوندی هۆرێن هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی (عەبە شەریف ) کە شیوعیەکی ناسراو و دیاربوو لەوشەڕە سالح پالەوان شمشێرکوڵی کەپارتی بوو دەکوژرێت ، عەبەشەریفیش پاشەکشە دەکات ماڵەکەی دەسوتێنرێت لەبەرانبەر ئەم کارە شیوعییەکان بەسەرکردایەتی (عەبەشەریف و عەلەڕەش و حەمەی فەرەجی فەتاح )لێپسراوانی کۆمەڵەی جوتیاران هێرشیان کردبووە سەر پێشمەرگەکانی پارتی لەدەربەندی بێلولە ناچاریان کردبوون بنکە کە جیبهێڵن بچنە ئێرانەوە لەم هێرشەدا حلمی عەلی شەریف بەرپرسی پارتی بریندارەدەبێت شیوعییەکان بەوکارەیان دەیانویست بەپارتی بڵێن دەست درێژی قبوڵ ناکەین ، پاش شەڕەکە لێپسراوانی

پارتی لەسلێمانی پەیوەندی بەشیوعییەکانەوە دەکەن و لەئاکامدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کەوەفدی هاوبەشی هەردوولا پێکبهێنن بۆچارەسەری کێشەکانیان و گەڕانەوە بۆناوچەکە (مەحمود: ٢٠٢٤،٣٤٥)

کاتێک عەبدولکەریم قاسم لە (٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦١)لەڕێگای فڕۆکەوە هاتوەتە ناوچەی گەرمیان لەمەراسیمێکدا (تونێلی دەربەندیخان)ی بەفەرمی کردۆتەوە لەمەراسیمی کردنەوەی تونێلە بڕیاربوو عەبدولکەریم قاسم ووتارێکی پێشکەشبکات خەڵکی بەدیار رادیۆ و تەلەفیزیۆن دانیشتبوون عەبدولکەریم تونێلی کردەوە کەوتە خوتبەدان وبەپێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵک کەوتە قسەکردن بەکورد بەجۆرێک ووتاری پێشکەش کرد هیچ هیوا وئومێدێک نەما کەعەبدوبکەریم قاسم شتێکی باشی لەدڵدابێت بەرانبەر بەکورد (گەلاوێژ، ٢٠٠٨، ٨٠-٨٢)

لەم کاتەدا حەمەی وەلی کە پێشمەرگەی پارتی دەبێ لەچالاکیەک دا هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەدات بەڵام سەرکەوتوونابێت (فەیسەڵ،٢٠٢٠، چاوپێکەوتن)، دوابەدوای ئەم ڕووداوانە پارتی بەسەرۆکایەتی برایم ئەحمەد لە گوندی (عەواڵان)ی سەربەقەزای پێنجوێن کۆنفرانسێک دەبەستن سەرەڕای بیروڕای جیاواز فاکترێکی گرنگ بوو بۆ بەهێزکردنی شۆڕشی ئەیلوول هاوکات شۆڕشەکەی لەڕووی پێکهاتەو ئامانجەوە کردە شۆڕشێکی نیشتیمانی ونەتەوەیی وئەوەشی ئاشکرا کرد کەشۆڕشی کورد یاخی بوونێک نیە لەدژی حکومەت بەڵکوخەباتی گەلی کوردە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کەبەدرێژایی چەندین ساڵە خەبات دەکات لەپێناویدا (ئەحمەد ،٢٠٠٩، ١٧٥-١٧٧)

پێش ڕووداوی دەربەندیخان ڕێکخستنەکانی پارتی چالاک بوو لەناوچەی کفری چەندین چالاکیان ئەنجامداوە لەوانە ئەو پێشمەرگانە لەبنکەی بەمۆ بوون دێنە گوندی (دێ بنە)ی کفری لەماڵی شێخ شێخ محمدی شێخ عبدالقادر شەوێک ماونەتەوە لەوێوە چونە گوندی فەتاح هۆمەر پاشان چوونە شاری کفری هێرشیان کردۆتە سەربنکەی پۆلیس لەناوشاری کفری پاشان هێزی ێشمەرگە بەسەرکردایەتی بەهجەت یەحیا لەنێوان دوزخورماتوو و کفری کەسێک بەناوی شەوکەت کەدژی کورد بوو لەشاری کفری دەکوژن

پاشان لەساڵی (١٩٦٢ )بەسەرۆکایەتی کەماڵ موفتی کە بەرپرسی کەرتی (٣،٤)ی قەرەداخ بوو لەوێوە بەنهێنی هاتن بۆ ڕێگەی سلێمان بەگ واتە ڕێگەی نێوان کفری دووزخورماتوو کە سکەی شەمەندەفەری ڕێگەی نێوان کەرکوک -بەغدادی لێبوو لەوێ دەستیان گرتن بەسەرشەمندەفەرەکەدا و ئەوەی ئەفسەر وسەربازی عێراقی هەبوو بەدیل گیران ئەم چالاکیەی پێشمەرگە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو بەڕایەدەیەک بڵاوبویەوە ڕادیۆی لەندەن لەوکاتەدا وەکو هەواڵێکی گەورە بڵاویکردۆتەوە ، چون ژمارەی ئەوکەسانە بەدیل گیران زۆربوون نزیکەی (٣٧٥)دیل بوون لەگەڵ چەندین پارچە چەک جۆراوجۆر کەلەوسەردەمەدا بۆشۆڕش گرنگی خۆی هەبووە ، پاشان ئەوانە تەنزیم بوون لەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دیوارەکانی شاروگوندەکان دروشمی (بڕوخێ قاسمیان )دەنوسیوە(شاکەلی : ٢٠٢٥)

ئەنجام :

لەئەنجامی خوێندنەوەی سەرچاوە و شیکردنەوەیان و پاشان بەدەستخستنی بەڵگەنامەی تایبەت بەبابەتەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین :

١. شاری کفری وەکو ناوەندی بەیەک گەیشتنی شارەکان بەتایبەتی شاری کەرکوک – بەغداد گرنگیەکی تایبەتی هەبووە بەبەردەوامی شارێکی پڕ جموجۆڵی سیاسی بووە زۆربەی ئەو ڕووداوانەی لەعێراق ڕوویانداوە کاریگەری گەورەیان بەسەر شاری کفری جێهێشتوە

٢. بەهۆی بوونی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەشاری کفری ناوبەناو ناکۆکی لەنێوانیان دروستبووە بەتایبەتی لەنێوان تورکمانەکان و کوردە

٣. شاری کفری بەهۆی نیشتەجێ بوونی بەگزادەکانی جاف یەکێک بووە لەو جێگەیانەی کە لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە بەحکومی ئەوەی بەگزادەکان لە پلەی یەکەم دەهاتن لە خاوەندارەیەتی زەوی کشتوکاڵی واتە زەویەکی زۆریان داگیرکردبوو ، بەمەش ناهاوسەنگیەک زۆر هەبووە لە دابەشوونی چینە کۆمەڵایەتیەکان

٤. لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز کۆمەڵەی جوتیاران دروست بوو ، داوای مافی جوتیارانیان دەکرد وبەرگریان لێدەکردن هەروەها گیانی هاوکاری لەنێوان جوتیاران دروستکرا کارەکانیان بەکۆمەڵ ئەنجام دەدا

٥. سەرەتای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بۆ کورد زۆر باش بوو حزبەکان هاتنە ئاراوە بەشێوەیەکی ئاشکرا مومارەسەی حزبایەتی خۆیانیان دەکرد و ڕێگە بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکوردیەکان درا بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند ڕابەری شۆڕشی ١٤ی تەمموز پشتی لەکورد کرد و مافەکانی نەدان

٦. حزبی شیوعی لەناوچەکە باڵادەستبوونە بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵگری بیری نەتەوەیی نەبوون بەرەو لاوازی چوون لەبەرانبەر دا پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانی بۆ داواکردنی مافی کوردبوو

٧. شەڕی بەگزادەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان بەسەرەتایی شۆڕشی ئەیلوول دادەنرێت هەرچەندە سەرکردەکانی پارتی نموونەی برایم ئەحمەد ومەلامستەفا لەگەڵیدا نەبوون بەڵام یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی کوردو قاسم بووە

٨. شاری کفری هەمیشە داکۆکی کردووە لەمافە نەتەوەییەکانی کورد هەمیشە لەخەباتدا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بەردەوام لەئامادەییان هەبووە لەڕووبەڕووبونەوەی داگیرکەران ، هەمیشە لەکۆڕی خەباتدابوونە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی گەلەکەمان چەندین جار قوربانیان داوە .

**پەراوێزەکان**

---

[1] سەرچاوە : عومەر عەلی شەریف : شەڕی قاتەکانی کفری لەنێوان داستان وقارەمانێتیدا ، چاپخانەی کوردستان ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٦٧-٢٧١

خشتەی ژمارە : ١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| * | عەلی محمد عەزیز | ٢٠ | حەمەڕەشید وەستا زۆراب | ٣٨ | نامیق برزۆ نەسروڵا |
| ٢ | شێخ ئەبوبکر شێخ محێدین | ٢١ | شەرەفخان ئیبراهیم خان | ٣٩ | ئەحمەد ئەلیاس |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٦

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | حاجی فارس دار درێژ | ٢٢ | حاجی رۆستەم محمد سەعی | ٤٠ | ئەحمەد شێخ وەیس |
| ٤ | مەلاسابیر سەڵتەزەرد | ٢٣ | حاجی محێدین حاجی مستەفا | ٤١ | حاجی سابیر ئۆمەربل |
| ٥ | شێخ عومەر شێخ محێدین | ٢٤ | حەمەعەلی ئاغای زەنگەنە | ٤٢ | عەزیز کاکە حەمە |
| ٦ | حاجی فەقێ محمد سەعاتچی | ٢٥ | حوسێن مەحموود خەلیل | ٤٣ | عەبدوڵڵا ملا ئیبراهیم |
| ٧ | ئەحمەد حاجی سەمین | ٢٦ | محەمەد مەعروف ئەحمەد سوور | ٤٤ | عەلی فەقێ محمد کارێزی |
| ٨ | محەمەد عەلی عەبدولکەریم | ٢٧ | هیدایەت عەلی قادر | ٤٥ | کوێخا فەریق مەدحەت |
| ١٠ | حاجی عەبدوڵڵا زەردەلیکاو | ٢٨ | سامی بەگ عەلی وەیسی بەگ | ٤٦ | حەمەی رۆستەم ئۆمەربل |
| ١١ | حاجی ئەمین رەواتی | ٢٩ | سەمین سەعید مارف | ٤٧ | حاجی محەمەد سلێمان بەلەگە |
| ١٢ | حاجی کەریم فەرحان | ٣٠ | کوێخا قاسم حسن جوڵا | ٤٨ | شێخ ئیسماعیلی بنەکە |
| ١٣ | حاجی فارس قاڵقانی | ٣١ | سەید تۆفیق سەی محەمەد | ٤٩ | سابیر فەقێ مستەفا |
| ١٤ | شێخ ئەحمەد شاکەلی | ٣٢ | ئەحمەد بەگی جەمیل بەگ | ٥٠ | مامۆستا دەروێش ئەفەندی |
| ١٥ | مەلا عەزیز میل قاسم | ٣٣ | عەبدولڕەحمان وەستاکەریم | ٥١ | خالد محەمەد سەعید |
| ١٦ | ئەحمەد محمد چراخ پینەچی | ٣٤ | مەلا عەزیز دوانزە ئیمامی | ٥٢ | عەبدوڵڵا عەبدولقادر(مەلا عەول) |
| ١٧ | رۆستەم ئاغای خان | ٣٥ | حاجی رووف محەمەد سەلیم | ٥٣ | ئەحمەد عەلی نادر |
| ١٨ | کوێخا نامیق ساڵەح ئەمین | ٣٦ | قادر مەعروف ئەحمەد سوور | ٥٤ | شێخ عەتا تاڵەبانی |
| ١٩ | عەزیزخان ئیبراهیم خان | ٣٧ | حاجی محێدین موختار | ٥٥ | عەبدولکەریم دەروێش |
| ٥٦ | سەید محێدین | | | | |

[٢]-عەلی سەلیم بەگ:لەبەگزادەکانی وەلدبەگیە ساڵی ١٩١٨لەگوندی (دێ کۆن)ی نزیک خورماڵ هاتوەتە دنیاوە لەسلێمانی قۆناغی ناوەندی خوێندوە لەساڵی ١٩٣٩ پەیوەندی کردووە بەپارتی هیواوە لەسەرەتایی ١٩٤٠ هاتووەتە کەلار لەدێی کەلار خێزانی پێکەوەناوە و پاشان بەشداردەبێت لە چالاکییەکانی حزبی هیوا کە لەساڵی (١٩٤٥)دژی حکومەتی عێراق بۆپشتگیری مەلامستەفا بارزانی ئەنجامیانداوە ، لەدوای دروستبوونی لاوانی پارتی لەکەلار دەبێتە بەرپرسی ئەو رێکخراوە ، پاشان لەساڵی ١٩٦٠بەهۆی جموجۆڵی سیاسی بۆماوەی نۆ مانگ بۆشاری روومادی دووردەخرێتەوە لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بەشداری دەکات لەدوای دروستبوونی باڵی مەکتەبی سیاسی پەیوەندیان پیوەدەکات تا ساڵی ١٩٧٠ ، لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بەشداردەبێت

پاشانە بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیەوە لەماڵ دادەنشێت ،لەساڵآ ١٩٨٩بەهۆی تەقینەوە لوغمێکی چێنراو بەپیلانی ڕژێمی بەعس بریندار دەبێت پاش ماوەیەک بریندار‌ی لەبەغداد بەدەرزی ژەهراوی شهید دەکرێت ، لەگۆڕستانی کەلاری کۆن دەنێژرێت .چاوپێکەوتن لەگەڵ حسن جاف : لەدایکبووی ١٩٥٣/ بەرواری چاوپێکەوتن (٢٠٢٥/٩/١٢)

[٣]-حەمەی حاجی وەلی : محەمەد وەلی عەلی کەرەمی میروەیسی بەحەمەی وەلی ناوبانگی دەرکردووە لەتیرەی هارونی جافە لەساڵی ١٩٣٢ لەدایکبووە لەئێران نیشتەجێ دەبن بەڵام لەساڵی ١٩٤٧بەکجاری ئێران جێدەهێڵن لەدێی حوش کوڕوی گەرمیان نیشتەجێ دەبن لەساڵی ١٩٥٥ دەبێتە سەرکاری مستەفا بەگی جاف تا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوامبووە لەکارەکەی دواتر بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تموز ١٩٥٨ کارەکە لەدەستدەدات لەساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بەریزەکامنی پارتیەوە دەکات دەبێتە جێگیری لاوانی پارتی لەکەلار دواتر دەبێتە لایەنگیری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی ن لەبەرواری ٢٥/*/٢٠٢٤کۆچی دوایی دەکات . بڕوانە محممەدی حاجی وەلی . هـ .س : ل ٤،پەڕەی ئینتەرنێت

[٤]-عومەر نەزمی : ساڵی ١٨٩٣ لەشاری کفری لەدایکبووە دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لەکۆلیژی یاسا لەبەغداد وەردەگیرێت دوای دەرچوونی لەکۆلیژی یاسا دەبێت یاریدەدەری حاکم لەشاری خانقین پاشان دەگوازرێتەوە بۆ دادگای بەرایی دیالە لەساڵی ١٩١٤، لەکاتی بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێ دەچێتە قوتابخانەی ئەفسەرانی یەدەگ لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن وەکو داواکاری گشتی فەرمانگەی جەنگی سەربازی لەبەغداد دەستنیشانکراوە لەو پۆستەدەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩١٧، پاشان لەساڵی ١٩٤٠وەزیزی ناوخۆ بووە چەند جارێکی تریش بووە بەوەزیر لەحکومەتی پاشایەتی عێراق ، لەساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردوە بڕوانە (مصطفی ،مجلە کفری ٢٠، ٢٠٢٥،٢٠-٢١)

[٥]-عەبدلوەهاب الشواف :لەساڵی ١٩١٦لە شاری بەغداد لەدایکبووە بنەماڵەکەیان پەیوەست بوون بەزانست و دینەوە باوباپیرانی لە پێش سێ سەدە لەجزیرەی ئیبن عومەرەوە کۆچیان کردووە لە گوندی کبیسە باوکی عەبدولملک یەکێک بووە لەزاناکانی بواری زمان وفق و ئایین ، عەبدلوەهاب دوای دەرچوونی لە کۆلێژی سەربازی دەچێتە پاریس بۆ ماوەی نۆ مانگ لەوێ دەمێنێتەوە نەگەڕایەوە تا ساڵی ١٩٥٢،پاشان پەیوەندی بەبزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادەوە دەکات لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ پەیوەندی بە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمەوە دەکات تائەوکاتەی ناکۆکی لەنێوان دروستدەبێت دوای هەوڵدانی شۆڕش دەستگیر دەکرێت پاش دادگایکردنی لەسێدارە دەدرێت بڕوانە : خليل ابراهيم حسين :الصراع عبدالكريم قاسم والشيوعيين و عبدالوەهاب الشواف وضابط الموصل الوحدويين ، ١٩٨٨، ١٦-٢٠

لیستی سەرچاوەکان :

کتێبەکان: أ- کتێبەکوردییەکان :


١. ئەمین, نەوشیروان ، مستەفا : (١٩٩٧). پەنجەکان یەکتری دەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان ، ١٩٩٧
٢. ئەحمەد, ئامانج . حسن.:(٢٠٠٩). برایم ئەحمەد١٩١٤-٢٠٠٠- ڕۆڵی لەبزافی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد، ڕەنج ، سلیمانی ١٧٥-١٧٧.
٣. - تاڵەبانی, موکەڕەم : (٢٠٢٥). عەبدولکەریم قاسم وکێشەی کوردوکوردستان. ٤٣-٤٤.
٤. پشدەری, عەبدوڵا ، ئەحمەد :یاداشتەکانم ، بەرگی یەکەم ، بەغداد ، ١٩٩٢
٥. پشدەری, ڕەفیق .: (٢٠٠٢). کورد دوژمنی خۆت بناسە ، بەرگی دووەم
٦. نەریمان ، مستەفا (١٩٩٤) بیرەوەرییەکانم ، دار الحرية للطباعە ، بغداد ،




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٧. بانیخێڵانی, مەلا. ئەحمەد . (٢٠١٤). یادەوەرییەکانم
٨. وەلی, حەمە. حاجی. (٢٠١٠). پشکم لەکوردایەتی
٩. ناسر, ئەحمەد. محەمەد. (٢٠٢٢). پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لەباشووری کوردستان و کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٥٨-١٩٧٩).
١٠. مـ
محمود کەریم عەبدوڵلا (٢٠٢٤)، ئاسۆیەک ئاوانبێت (ژیانی سیاسی وپێشمەرگایەتی وڕۆژنامەوانیی سەرکردەی ئەیلوول حلمی عەلی شەریف ١٩٣١-١٩٩٨)، بەرگی دووەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پاندا ، سلێمانی
١١. م
.عەلی. (٢٠١٣). عەلی حەمدی، سیمبولی کوردایەتی.زنجیرەی کتێبی گۆڤاری کۆچ ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی .
١٢. گ
ەلاوێژ. (٢٠٠٨). بیرەوەرییەهەرگیزلەبیرنەکراوەکانی من
١٣. ع
ەزیز, سوهەیل . خورشید. (٢٠١٥). مێژووی ناوچەی گەرمیان وڕیکخراوەسیاسیەکان
١٤. ع
ەبدوڵا,فەرەیدون .عەبدوڵا . (٢٠٠٨). بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠-١١مارتی١٩٧٤)، چاپخانەی مناره ، هەولێر .
١٥. ع
ومەر, ڕێباز. دلاوەر. (٢٠٢١). پێگەی باڵەکایەتی لەشۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥).ئینسکۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆک .
١٦.
شەریف, عومەر عەلی.(٢٠١٠)شەڕی قاتەکانی کفری.چاپخانەی کوردستان ، سلێمانی .
١٧. شـ
اکەلی, محمد ، ئەحمەد. (٢٠١٢). قەزای کفری شارەدێی کەلار لەپەنجاکاندا وپاسەکەی حاجی.چاپخانەی کارۆ ، کەرکوک .
١٨. سـ
ەنگاوی, نجم : (٢٠١٤)کوردستان وسەرکردەودەسەڵات و شۆڕشەکانی(١١٦٩-١٩٩٤)،
١٩. شـ
اکەلی ، محەمەد ، ئەحمەد : پەروەردەوخوێندن لەگەرمیان (١٩٥٠-١٩٦٠)، کۆمەڵەی ڕووناکبیری وکۆمەلایەتی کەرکوک ، کەرکوک
٢٠. خـ
ول, ڕەفیق ، ڕەحمان . (٢٠٢٣). هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٦٣-١٩٧٠)، چاپخانەی ئاشتی ، هەولێر
٢١. ر
شید, سەلاح. (٢٠١٧). مام جەلال دیداری تەمەن- لەلاوێتیەوە بۆکۆشکی کۆماری، بەرگی یەکەم
٢٢. د
ڵۆ, حسێن ئیسماعیل. (٢٠١٤). ناوچەی کفری لەنێوان (١٩١٤-١٩٤٥)، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر.

.٢٣
ب
ەختیار ئەحمەد ساڵەح : (٢٠٠١)مەرکەزیەتی کوردستان ، کەرکوک (گۆڤار)، ژمارە (٣)ی ساڵی دووەم .
.٢٤
ط
البانی ، موکەڕەم : عەبدولکەریم قاسم وکێشەی کوردوکوردستان ، ناوەندی ئاشتی ، هولێر، ٢٠٢٥،ل ٦٦
.٢٥
غ
ەفور ، عەبدوڵڵا : (٢٠٠٥)گوندەکانی باشووری کوردستان بەگوێرەی سەرژمێری دانیشاوانی عێراق -١٩٥٧، ئاراس ، هەولێر ، چاپی دووەم
.٢٦
م
حەمەد ، خەلیل ئیسماعیل (٢٠٢١)ناوچەکوردستانسسەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر .

ب – **مصدر العربي** :

١.منشورات حكومة العراق : قوانين اصلاح الزراعي رقم ٣٠لسنه ١٩٥٨ وتعديلاته ولانظمة والتعليمات و البيانات الصادرة بموجبة والقوانين ذات العلاقة بة ، مطبعة العاتي ، بغداد ، ١٩٦٥

٢.الردام ، على ، غازى – الهيتي ، غسان .(العلاقة بين عبدالكريم قاسم والحزب الديموقراطي الكردستاني.) مجلة جامعة الانبار ، العدد الاول (اذار)٢٠١٣.

٣.طالبانى ، عطا : ذكريات في ايام النضال ، ٢٠٠٩

٤.لعلى, ح. ح. (١٩٨٧). الثقافه الموصل

٥.ابراهيم, س. ١٩٥٨. (قانون اصلاح الزراعى . ٢٠٠٩.الداخلية,.

٦.زوبيدى, ليث. عبدالحسن. (١٩٨١). ثوره ١٤ى تەمموز ١٩٥٨

٧.حسێن, عبدالخالق (٢٠٠٣). ثورة و زعيم .دار للنشروالتوزيع ، ديمشق حسين, خليل ، ابراهيم . (١٩٩٨). الصراعات قاسم والشيوعين ورفعت الحاج سرى والقومين،بغداد

٨.الهيئة العليا (١٩٦٥). قوانين اصلاح الزراعي رقم ٣٠سنة ١٩٥٨وتعديلاتة ولانظمة والتعليمات و البيانات الصادرة بموجبة والقوانين ذات العلاقة

٩.مصطفى، عباس ،شاهين: (٢٠٢٥)وزراء العهد الملكى ، عمر نظمي الونداوي ...في ذاكرة التاريخ .مجلة (كفرى )، العدد (٨)

١٠.كاتب غير محدد (١٩٥٩). ثورة ١٤ى تةمموز في عامها الاول

بەڵگەنامەکان:

الوثائق .دار الكتب : وزاره الداخليه(١٩٥٩) ، رقم ٤٢٢٠٥٠٠-٥٨٧

چاوپێکەوتنەکان:

١. جاف, حسن . کریم .: (٢٠٢٥). چاوپێکەوتن (تەلەفۆنی)، لەدایکبووی (١٩٤٤)
٢. جەوهەر, سەعید .: (2025/7/24). چاوپێکەوتن (کفری) . لەدایکبووی (١٩٣٤)
٣. مەجید, علی .باقی : (٢٠٢٥). چاوپێکەوتن(سەرقەڵا )، لەدایکبووی (١٩٥٢)
٤. حەبیب, محمد. سەعید : (٢٠٢٥). چاوپێکەوتن.(کفری) لەدایکبووی (١٩٣١)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

٥. خدر, سەلاح.:(٢٠١٨). دیداری تەلەفزیۆنی لەگەڵ حەمەی وەلی ، بەرنامەی تایبەت ، تەلەفیزیۆنی ستێرک
٦. سلێمان, هەژار فەقێ):(٢٠٢٥/٩/٢١) چاوپێکەوتن (تەلەفۆنی ) لەدایکبووی (١٩٨٣)
٧. شاکەلی, ، محمد، ئەحمەد: (٢٠٢٥/٩/٢٦). چاوپێکەوتن(شاکەل) لەدایکبووی (١٩٤٤)
٨. جاف ، حسن (٢٠٢٥/٩/١٢) چاوپێکەوتن (تەلەفۆن)ی لەدایکبووی (١٩٥٣)
٩. فەیسەڵ, محمد.: (٢٠٢٠). بەرنامەی ڕووداو مێژوو.چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەی حاجی وەلی ، بەشی یەکەم و دووەم

**نامەی ماستەرودکتۆرا:**

ئەحمەد, فرهاد. محەمەد (٢٠٠٦). جریده خەبات /النضال (١٩٥٩-١٩٦٠)

**موقع الكتروني**

ابراهيم ، سلام : موقع الناس ، القانون اصلاح الزراعي لسنة(١٩٥٨)، (٢٠٠٩).

Books -أ :Kurdish Books:

.١Amin, Nusrewan, Mustafa: (1997). Fingers Break Each Other The Inside Side of Events,

.٢Ahmad, Amanj Hassan.: (2009). Braim Ahmad 1914-2000- Role in the Kurdish people's liberation movement and intellectuals, Ranj, Sulaimani 175-1

- .٣Talabani, Mukaram: (2025). Abdulkarim Qasim and the Kurdish problem. 43-4

.٤Pishdari, Abdullah, Ahmad: Yadashtakanam, Volume 1, Baghdad,

.٥Pishderi, Rafiq :. (2002). Kurd Know Your Enemy, Volume

.٦Nariman, Mustafa (1994) My Memories, Dar Al-Hurriya Printing House, Baghdad,

.٧Banikhelani, Mullah. Ahmad (2014). My memories

.٨Wali, Hama. Haji. (2010). I have a share in Kurdishness

.٩Nasser, Ahmed. Mohammed. (2022). Developments of the Kurdish Cause in South Kurdistan and its Impact on East Kurdistan (1958-1979.(

.١٠Mahmood Karim Abdullah (2024), Asoyek Awanabet (Political Life, Peshmerga and Journalism of September Helmi Ali Sharif 1931-1998), Volume 2, Second Edition, Panda Printing House, Sulaimani

.١١M. Ali. (2013). Ali Hamdi, Symbol of Kurdishness. Book Series of Koch Magazine, Binayi Printing House, Sulaimani.

.١٢July. (2008). My unforgettable memories

.١٣Aziz, Suhail . the sun. (2015). History of Garmian region and political organizations

.١٤Abdullah, Faraidun .Abdullah (2008). Political Situation in Iraqi Kurdistan (March 11, 1970-March 11, 1974), Minara Printing House, Erbil.

.١٥Omar, Rebaz. Dilawar. (2021). Position of Balakayety in the September Revolution (1961-1975). Encyclopedia of the Kurdistan Democratic Party and Duhok University.
.١٦Sharif, Omar Ali. (2010) Battle of the floors of Kufri. Kurdistan Printing House, Sulaimani.
.١٧Shakali, Mohammed, Ahmad. (2012). Kufri district, Kalar township in the fifties and Haji bus. Karo Printing House, Kirkuk.
.١٨Sangawi, Najm: (2014) Kurdistan, leaders, power and revolutions (1169-1994,(
.١٩Shakeli, Mohammed, Ahmad: Education in Garmian (1950-1960), Kirkuk Intellectual and Social Association, Kirkuk
.٢٠Khol, Rafiq, Rahman. (2023). Position of the Iraqi Communist Party in the Kurdish Liberation Movement (1963-1970), Ashti Printing House, Erbil
.٢١Rashid, Salah. (2017). Mam Jalal Didari Teman - From Youth to the Republican Palace, Volume
.٢٢Delo, Hussein Ismail. (2014). Kufri area between (1914-1945), second edition, Salahaddin University Printing House, Erbil.
.٢٣Bakhtiar Ahmad Salih: (2001) Centralization of Kurdistan, Kirkuk (Magazine), No. (3) of the second year.
.٢٤Talabani, Mukaram: Abdulkarim Qasim and the Kurdistan Problem, Peace Center, Huler, 2025, p
.٢٥Ghafoor, Abdullah: (2005) Villages of South Kurdistan according to the Iraqi population census -1957, Aras, Erbil, second edition
.٢٦Mohammed, Khalil Ismail (2021) Kurdistan Regions Outside the Kurdistan Regional Government, Shahab Printing House, Erbil .
b) Arabic source:
.١Publications of the Government of Iraq: Agricultural Reform Law No. 30 of 1958 and Amendments, Regulations, Instructions and External Statements and Related Laws, Al-Ati Printing House, Baghdad, 1965
.٢Al-Rdam, Ali, Ghazi-Al-Hiti, Ghassan). The relationship between Abdul Karim Qasim and the Kurdistan Democratic Party.) Anbar University Magazine, First Issue (Azar(
.٣Talabani, Atta: Memories in the Days of Struggle,
.٤Ali, H. h. (1987). Culture of Mosul
.٥Ibrahim, S. 1958). Agricultural Reform Law. 2009. Al-Dakhliyah.,
.٦Zubeidi, Leith. Abdul Hassan. (1981). Thura 14 July
.٧Hussein, Abdul Khaliq (2003). Revolution and Leader. Dar for Distribution, Damascus Hussein, Khalil, Ibrahim. (1998). Al-Sraaat Qasim and the Communists, Rif'at Al-Hajj Sri and the Quomin, Baghdad

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

.٨The High Commission (1965). Agricultural Reform Law No. 30 of 1958 with amendments, systems, instructions and statements issued according to the relevant laws
.٩Mustafa, Abbas, Shahin: (2025) Minister of the Royal Covenant, Omar Nazmi al-Wandawi ... in the memory of history, magazine (Kafri), issue (8(
.١٠Unknown Author (1959 ثورة ١٤ى تەمموز .(in the first general
Documents :
Documents, Library: Ministry of Interior (1959), No. 587-4
Interviews:
.١Jaf, Hassan Crimea .: (2025). Interview (telephone), born (1944(
.٢Jawhar, Saeed .: (2025/7/24). Interview (Kufri) born (1934(
.٣Majid, Ali Baqi: (2025). Interview (Sarqala), born (1952(
.٤Habib, Mohammed. Saeed : (2025). Interview. (Kufri) Born (1931(
.٥Khadr, Salah.:(2018). Television interview with Hama Wali, Special Program, Stark TV
.٦Sulaiman, Hazhar Faqe: (21/9/2025) Interview (Telephone) Born (1983(
.٧Shakali, Mohammed, Ahmad: (26/9/2025). Interview (Shakel) Born (1944(
.٨Jaf, Hassan (12/9/2025) Interview (Telephone) Born (1953(
.٩Faisal, Mohammed.: (2020). Rudaw History Interview with Hama Haji Wali, Part 1 and
Master's and Doctoral Thesis:
Ahmad, Farhad. Mohammed (2006). Jarida Khabat (1959-1960(
Electronic site
Ibrahim, Salam: Moqa' al-Nas, Agrarian Reform Law of the Year (1958), (2009.(

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥